زنجیرەی ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست

(٨)

چۆنێتی قوربانی کردن

لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)

(صفة الأُضحية في عهد النبي ﷺ)

قال رسول الله (ﷺ) :

((يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ عَلَى كُلِّ أَهْلِ بَيْتٍ فِي **كُلِّ عَامٍ** أُضْحِيَةٌ))

نووسین و ئامادەکردنی

مامۆستا : محمد عبد الرحمن لطيف

وتارخوێنی مزگەوتی شێخ إبراهیم / کەلار

مامۆستا : خەلیل ئەحمەد

پێداچوونەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە

چاپی پێنجەم **١٤٣٩ ك**

==========

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org

walamakan.com

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

*** پێشەکی مامۆستا خەلیل ئەحمەد* بۆ چاپی سێیەم:**

الحمدُ لله ، والصلاة والسلام على رسول الله ﷺ وعلى آلهِ وصحبه ومَنْ والاه إلى يوم الدِّين .

دوای ئەوە :

کتێبی (چۆنێتی قوربانی کردن لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ) لە نوسینی مامۆستا (محمد عبد الرحمن)**م خوێندەوە بەڕاستی بە هەوڵێکی گرنگ دادەنرێت بۆ زیندو کردنەوەی دروشمی قوربانی کردن بۆ خوا بە پێی سوننەت لە کوردستاندا ..**

وە نوسەر بە شێوازێکی بابەتیانە ئەم بابەتەی داڕشتووە و توانیویەتی بە جوانی چارەسەری بکات وەک پێناسە و حوکم و فەزڵ و حیکمەت لە ئەنجامدانی و هەروەها چۆنێتی جێبەجێ کردنی و ئادابەکانی و بیدعەکانی و ... هتد .

لە ڕاستیدا ئەم کتێبە دەستپێشخەرییەکی چاکە بۆ چەسپاندنی ئەو ڕاستییانەی کە هەڵیگرتوون ، جا داواکارم لە خوای گەورە نمونەیان زیاد بکات ، وە بە تەمای ئەوەی موسڵمانانی دەست و خامە پاک شتی بە پێز و تێروتەسەل لەسەر هاوشێوەی ئەم بابەتە هەستیارانە بنوسن بۆ ڕێڕۆشن کردنی ئایینی ئیسلام بۆ موسڵمانانی کورد زمان .

وە داواکارم لە خوای گەورە پاداشتی نوسەر بداتەوە و قەبوڵ بکاتە هاوڕێی نوسراوەکەی، وە ئێمە و خوێنەرانیش سودمەند بکات لە خوێندنەوە و کار پێ کردنی.

وصلى اللهُ وسلَّم على نبينا محمد وعلى آلهِ وصحبه أجمعين

خليل أحمد

(١٩/ ذي القعدة / ١٤٢٩) .

* جێی ئاماژە پێکردنە مامۆستای زۆر بەڕێزم کە ئەم پێشەکییەی لێرەدا نوسیوە هەر خۆی - پێش پێنج ساڵ - پێشنیاری بۆم کرد کە هەستم بە نوسینی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل و بەرفراوان لەم بابەتەدا ، سوپاس بۆ خوای گەورە منیش وەڵامیدایەوە و ئەم بەرهەمەی لێ پەیدابوو .

بسم الله الرحمن الرحيم

* ڕێخۆشکار :

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

خوێنەری بەڕێز : ئەم کتێبەی بەر دەستت یەکێکی تر لە بابەتە زۆر گرنگ و بە سوودە بلاوکراوەکانی (زنجیرەی پێنماییەکانی پێگای ڕاست) باس لە **حوکم و ئادابەکان و چۆنێتی قوربانی کردن** دەکات لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) کە یەکێکە لە دروشمەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، بە پێویستمان زانی بیخەینە بەردەستی خوێنەرانی ئاشنا و شەیدای ڕێگا ڕاستەکەی پێغەمبەر (ﷺ) ، بۆ ئەوەی پێی سوودمەند بین و ئەم دروشمەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام زیندوو بکەنەوە وەک چۆن لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) ئەنجام دراوە ...

نووسەر

ماموّستا : محمد عبد الرحمن لطيف

(بكالوريوس في العلوم الشرعية والدراسات الإسلامية)

٢٢ / شوال / ١٤٢٤ ك

كوردستان / گەرمیان / کەلار

*** پێشەکی:**

قوربانی کردن یەکێکە لە دروشمە گەورە و پاداشت زۆرەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام .

(ابن دقيق العيد) **دەفەرموێت :** (لاَ خِلاَفَ أَنَّ الْأُضْحِيَّةَ مِنْ شَعَائِرِ الدِّينِ)[1].

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَٱلْبُدْنَ جَعَلْنَٰهَا لَكُمْ مِّن شَعَٰٓئِرِ ٱللَّهِ لَكُمْ فِيهَا خَيْرٌ ﴿٣٦﴾ ﴾ [الحج] .

واتە : ئێمە ئەو ولاخانەی کە دەکرێنە قوربانی کردوومانە بە بەشێك لە دروشمەکانی ئاینی خوا کە پاداشت و خێری تێدایە بۆتان لە دونیا و دوا ڕۆژدا .

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ ﴿٣٢﴾ ﴾ [الحج][2].

واتە : هەر کەسێ دروشمەکانی ئاینی خوا بە گەورەیی ڕاگرێت ئەوە بەڵگەی دڵ ترسانە لە خوای گەورە ، کەواتە بە گەورە ڕاگرتنی دروشمی (قوربانی و ئەنجامدانی) نیشانە و بەڵگەیە لەسەر لە خوا ترسان و تەقوای دڵان لە سزای خوای گەورە ، بۆیە پێویستە (واجب)ە لەسەر موسڵمانان شارەزابن و بزانن قوربانیکردن (الأُضحية) چۆن ئەنجام دراوە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بۆ ئەوەی بە باشترین شێواز ئەم دروشمە گەورەیەی ئاینی ئیسلام ئەنجام بدەن وەك چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) و سەلەفی صالّحی ئەم ئوممەتە ئەنجامیان داوە .

---

[1] إحكام الأحكام شرح عمدة الأحكام : (١٩١/٢) ، وانظر : " المحلّى بالآثار" لابن حزم : (٧ / ٣٥٨) ، و"فتح الباري شرح صحيح البخاري" : (١٠ / ٦) .

[2] قال الإمام الشوكاني في تفسير هذه الآية : (والشعائر جمع الشعيرة : وهي كل شيء فيه لله تعالى شعار ... فشعائر الله أعلام دينه ...) فتح القدير : (٥٥٣/٣) .

ونقل ابن كثير في تفسيره للآية قول ابن عباس : (تعظيمها : استسمانُها واستحسانُها) [واتە: گەورە ڕاگرتنی دروشمی قوربانی کردن بەوەیە : کە حەیوانی قوربانییەکە قەڵەو و چاك بێت] ، ثُمَّ نقل قول أَبِي أُمَامَةَ بْنِ سَهْلٍ (ﷺ) : ((كُنَّا نُسَمِّنُ الأُضْحِيَّةَ بِالْمَدِينَةِ ، وَكَانَ الْمُسْلِمُونَ يُسَمِّنُونَ)) أخرجه البخاري كما في " الفتح " : (١٣/١٠) ، ثُم شرع ابن كثير في ذكر أدلّة ما يُفَضَّل في الأضحية وما يجوز وما لا يجوز فيها .

*** پێناسەی قوربانی (تعريف الأُضحية) :**

الأُضحية لغةً : (مشتقة من الضَّحوة وسميت بأول زمان فعلها وهو الضُّحَى)[٣].

واتە : (الأُضحية) لە (الضَّحوة) دارێژراوە و بە سەرەتای کاتی ئەنجامدانیەوە ناونراوە کە (الضُّحَى)یە **واتە : چێشتەنگاو .**

واصطلاحاً : هي ما يُذبح من النعم يوم النحر وأيّام التشريق تقرُّباً إلى الله تعالى[٤].

واتە : قوربانی ئەو ولاخەیە یان ئەو حەیوانەیە کە لە رۆژی جەژنی قوربان و (رۆژانی تەشریق = هەر سێ رۆژی : ١١ و ١٢ و ١٣ مانگی حاجیان)دا بە مەبەستی نزیك بوونەوە لە خوای گەورە سەردەبڕێت .

کەواتە مەبەست لەم حەیوان سەربڕینە خواپەرستیەیە بە جێبەجێکردنی فەرمانی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) بە ئەنجامدانی ئەم دروشمە گەورەیەی ئاینی ئیسلام بە پێی ئەو مەرج و حوکمە تایبەتانەی کە باسی دەکەین بە یارمەتی خوا .

*** حوکمی قوربانی کردن لە شەرعدا (حكم الأُضحية) :**

بۆچوونی ڕاست و دروستی زانایان لەم بابەتەدا ئەوەیە کە : قوربانی ئەنجامدان (واجب) و فەرز و پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك توانای هەبێت قوربانی بکات هەموو سااڵێك[٥] ، واتە ئەگەر کەسێك

---

[٣] الإقناع في حل ألفاظ أبي شجاع. [٤] انظر : المصدر السابق ، و "فيض القدير" : (١٢١/٦) .

*** فائدة** : قال ابن الأثير : (أيامُ التَّشْرِيق : هي ثلاثةُ أيام تَلي عِيدَ النحر ، سُمِّيتْ بذلكَ من تَشْرِيق اللَّحمِ وهو تَقديدُه وبَسْطه في الشمس ليَجِفَّ لأنَّ لُحوم الأضاحِي كانت تُشرَّق فيها بمِنًى ، وقيل : سُمِّيتْ به لأن الهَدْي والضَّحايا لا تُنحرُ حتى تَشرُقَ الشمس : أي تَطْلُع) النهاية في غريب الحديث والأثر : (٢ / ٤٦٤) .

واتە : (أيامُ التَّشْرِيق) بریتییە لەو سێ ڕۆژەی دوای ڕۆژی جەژنی قوربان ، ناونراوە بەوە بە هۆی هەڵخستنی گۆشتەوە لەبەر تیشکی خۆردا کە بریتییە لە وشك کردنەوە و ڕاخستنی لەبەر هەتاو بۆ تەوەی وشك ببێتەوە چونکە لەو ڕۆژانەدا گۆشتی قوربانی دەخرایە بەر خۆر لە مینادا ، وە وتراوە : ناونراوە بەوە چونکە حەیوانی (هەدی) و (قوربانی) سەرنابڕدرێت تاوەکو خۆر هەڵنەیەت و دەرنەکەوێت .

[٥] اختلف الفقهاء في حكم الأُضحية : فمنهم من قال أنها واجبة على كل قادر عليها ، ومنهم من قال أنها واجبة على الكفاية ، وقال الجمهور أنّها سنة مؤكّدة ، ومع هذا فلا خلاف في مشروعيتها ، وإنها قربة عظيمة وسنة مؤكّدة وإنها من شعائر الدين ، **لكن الراجح هو القول الأوّل لأنّ الأحاديث الآمرة بالأضحية ظاهرةٌ في الوجوب** ، انظر : " الفتح " : (٦/١٠) و " شرح صحيح مسلم " : (٩٣/١٣) و " نيل الأوطار " : (١١١/٥) و " السيل الجرّار " : (٢٢٨/٣-٢٣١) و " تُحفة الأحوذي " : (٧٥/٥-٧٧) و " المجموع شرح المهذّب " للنووي : (٦ / ٢٧٧).

توانای هەبوو مەڕێك بكڕێت بۆ قوربانی[٦] ئەوا (واجب)ە لەسەری قوربانی ئەنجام بدات **هەموو سالێك** ، وە ئەگەر توانای هەبوو بەڵام قوربانی نەكرد ئەوا تاوانبار دەبێت چونكە فەرمانی پێغەمبەری (ﷺ) شكاندووە و ئەم دروشمە گەورەیەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامی بە گەورە ڕانەگرتووە.

وە بە هێزترین و ڕوونترین بەڵگەی واجبێتی قوربانی ئەنجامدان ئەم فەرموودە (صحیح)انەی لای خوارەوەیە[٧] :

١ ـ عَنْ مِخْنَفِ بْنِ سُلَيْمٍ (ﷺ) قَالَ : كُنَّا وُقُوفاً مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) بِعَرَفَاتٍ فَسَمِعْتُهُ يَقُولُ : ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ عَلَى كُلِّ أَهْلِ بَيْتٍ **فِي كُلِّ عَامٍ** أُضْحِيَةٌ ...)) الحديث[٨].

واتە: ئێمە لە (عەرەفە)دا لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بووین و گوێم لێی بوو دەیفەرموو : ئەی خەڵكینە پێویستە لەسەر هەموو خاوەن ماڵ و هەموو خێزانێك **هەموو سالێك** قوربانی بكات.

قال المباركفوري في شرح حديث : " عَلَى كُلِّ أَهْلِ بَيْتٍ ..." :

(أَيْ وَاجِبٌ عَلَيْهِمْ ... وَقَدْ اِحْتَجَّ بِهَذَا الْحَدِيثِ مَنْ قَالَ بِوُجُوبِ الْأُضْحِيَّةِ)[٩].

٢ ـ وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((مَنْ كَانَ لَهُ سَعَةٌ وَلَمْ يُضَحِّ فَلاَ يَقْرَبَنَّ مُصَلاَّنَا))[١٠].

---

[٦] **سوودیك :** قال شيخ الإسلام ابن تيمية : (وَوُجُوبُهَا .أي الأضحية .... مَشْرُوطٌ بِأَنْ يَقْدِرَ عَلَيْهَا فَاضِلاً عَنْ حَوَائِجِهِ الْأَصْلِيَّةِ) [مجموع الفتاوى : (٢٣ / ١٦٤)] .

واتە : پێویستێتی (واجبێتی) قوربانی كردن بەمەرجگیراوە بەوەی كەوا موسڵمان توانای هەبێت لە سەر ئەنجامدانی زیاد لە پێداویستیە بنەڕەتییەكانی .

وقال الشافعية : (يُشرع الأضحية في حق من ملك نُمنها فاضلاً عَنْ حَاجَتِهِ وَحَاجَةِ مَنْ يَمُونُهُ فِي يَوْمِهِ وَلَيْلَتِهِ وَكِسْوَةِ فَصْلِهِ ، أَيْ يَنْبَغِي أَنْ تَكُونَ فَاضِلَةً عَنْ يَوْمِ الْعِيدِ وَأَيَّامِ التَّشْرِيقِ) انظر : [مُغني المحتاج : (٦ / ١٢٣) ، و "الإقناع" : (٢ / ٢٧٨)].

واتە : شافعی مەزهەبەكان دەڵێن : قوربانی كردن لە گەردنی كەسێكدا شەرعیەتی پێدراوە كەوا نرخەكەیی هەبێت زیاد لە پێویستی خۆیی و پێویستی ئەوانەش كە بژێویان بۆ دابین دەكات بۆ ماوەی ڕۆژ و شەوێك وە زیادیش بێت لە پێویستی جل و بەرگی وەرزێك ، واتە دەبێت پارەكەی زیاتر بێت لە پێداویستییەكانی ڕۆژی جەژن و ڕۆژانی تەشریق .

[٧] انظر التفاصيل في المصادر الآنفة الذكر .

[٨] صحيح أبي داود رقم : (٢٧٨٨) وصحيح سنن الترمذي رقم : (١٥١٨) .

[٩] تُحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي : (٩٣/٥) .

واتە : هەر کەسێك توانای هەبێت و قوربانی نەکات با نزیك جێگای نوێژی جەژنمان نەبێتەوە .

قال الشوكاني : (وَوَجْهُ الِاسْتِدْلَالِ بِهِ : أَنَّهُ لَمَّا نَهَى مَنْ كَانَ ذَا سَعَةٍ عَنْ قُرْبَانِ الْمُصَلَّى إذَا لَمْ يُضَحِّ ، دَلَّ عَلَى أَنَّهُ قَدْ تَرَكَ وَاجِبًا ، فَكَأَنَّهُ لَا فَائِدَةَ فِي التَّقَرُّبِ بِالصَّلَاةِ لِلْعَبْدِ مَعَ تَرْكِ وَاجِبِ الْأُضْحِيَّةِ)[11].

٣ - وَعَنْ جُنْدَبِ بْنِ سُفْيَانَ الْبَجَلِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ : شَهِدْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَوْمَ النَّحْرِ فَقَالَ : ((مَنْ ذَبَحَ قَبْلَ أَنْ يُصَلِّيَ فَلْيُعِدْ مَكَانَهَا أُخْرَى ، وَمَنْ لَمْ يَذْبَحْ فَلْيَذْبَحْ))[12].

واتە : پێغەمبەرم (ﷺ) بینی لە رۆژی جەژنی قوربانداا فەرمووی : هەرکەسێك قوربانی کردووە پێش ئەوەی نوێژی جەژن بکات با لە جیاتی ئەو قوربانییە قوربانییەکی تر بکاتەوە و ئەوەش نەیکردووە با بیکات .

قال الشوكاني : (والأوامر ظاهرة في الوجوب لاسيّما مع الأمر بالإعادة)[13].

وقال الحافظ : (وَقَدْ اِسْتَدَلَّ بِهَذَا الْأَمْرِ فِي قَوْله " **فَلْيَذْبَحْ مَكَانَهَا أُخْرَى** " مَنْ قَالَ بِوُجُوبِ الْأُضْحِيَّة)[14].

وقال الحافظ أيضاً : (وَاسْتُدِلَّ بِقَوْلِهِ : " **اِذْبَحْ مَكَانَهَا أُخْرَى** " وَفِي لَفْظ : " **أَعِدْ نُسُكًا** " وَفِي لَفْظ : " **ضَحِّ بِهَا** " وَغَيْر ذَلِكَ مِنْ الْأَلْفَاظ الْمُصَرِّحَة بِالْأَمْرِ بِالْأُضْحِيَّةِ عَلَى وُجُوب الْأُضْحِيَّة)[15].

وقال شيخ الإسلام ابن تيمية : (**وَأَمَّا الْأُضْحِيَّةُ فَالْأَظْهَرُ وُجُوبُهَا** أَيْضاً ، فَإِنَّهَا مِنْ أَعْظَمِ شَعَائِرِ الْإِسْلَامِ ، وَهِيَ النُّسُكُ الْعَامُّ فِي جَمِيعِ الْأَمْصَارِ وَالنُّسُكُ مَقْرُونٌ بِالصَّلَاةِ فِي قَوْلِهِ تَعَالَى : ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٦٢﴾﴾ [الأنعام] ، وَقَدْ قَالَ تَعَالَى : ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ ﴿٢﴾﴾ [الكوثر] فَأَمَرَ بِالنَّحْرِ كَمَا أَمَرَ بِالصَّلَاةِ ، وَقَدْ قَالَ تَعَالَى : ﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا لِيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَى مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ ... ﴿٣٤﴾﴾ [الحج] ، وَقَالَ تَعَالَى : ﴿وَالْبُدْنَ جَعَلْنَاهَا لَكُم مِّن شَعَائِرِ اللَّهِ لَكُمْ فِيهَا خَيْرٌ فَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهَا ﴿٣٦﴾﴾ [الحج] ، وَهِيَ مِنْ مِلَّةِ إبْرَاهِيمَ الَّذِي أُمِرْنَا بِاتِّبَاعِ مِلَّتِهِ

---

[10] أخرجه أحمد (٣٢١/١) وابن ماجه رقم : (٣١٢٣) والحاكم : (٣٤٩/٢) و (٢٣١/٤) وحسّنه الألباني في صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٢٥٤٩).

[11] السيل الجرّار : (٢٢٨/٣-٢٢٩) و " نيل الأوطار " : (١١١/٥) .

[12] صحيح البخاري رقم : (٥٥٦٢) وصحيح مسلم رقم : (١٩٦٠) .

[13] السيل الجرّار : (٢٢٩/٣) .

[14] الفتح : (٢٧/١٠) .

[15] الفتح : (١٠ /٢٢) .

، وَبِهَا يُذْكَرُ قِصَّةُ الذَّبِيحِ ...)[١٦].

---

[١٦] مجموع فتاوى شيخ الإسلام : (٢٣ / ١٦٢) .

□ **أدلة القائلين بعدم وجوب الأضحية :**

استدلوا بأدلةٍ فما هو صحيحٌ منها ليس بصريحٍ في نفي الوجوب ، وما هو صريحٌ منها ليس بصحيحٍ أو لا ينهض لمقاومة الأحاديث الصحيحة الصريحة القاضية بوجوب الأُضحية على كل أهل بيتٍ **في كل عام** ، فمما استدلوا به لقولهم :

١ . عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنهما) قَالَ : ((صَلَّيْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عِيدَ الأَضْحَى فَلَمَّا انْصَرَفَ أُتِيَ بِكَبْشٍ فَذَبَحَهُ فَقَالَ : بِسْمِ اللَّهِ وَاللَّهُ أَكْبَرُ ، اللَّهُمَّ هَذَا عَنِّي وَعَمَّنْ لَمْ يُضَحِّ مِنْ أُمَّتِي)) أخرجهُ أحمد : (٣ /٣٥٦) و (٣ / ٣٦٢) وصححهُ الألباني في صحيح سنن الترمذي رقم : (١٥٢١) وصحيح أبي داود رقم : (٢٨١٠).

استدلوا بهذا الحديث . وما في معناهُ . على عدم وجوب الأضحية ، فقالوا : الظاهرُ أنَّ تضحيتهُ ﷺ عن أُمته وعن أهله تجزىء كُلَّ مَنْ لم يضح سواء كان مُتمكناً من الأضحية أو غير متمكن.

وقال الشوكاني . بعد أن نقل هذا القول عنهم . رداً عليهم : (وَيُمْكِنُ أَنْ يُجَابَ عَنْ ذَلِكَ بِأَنَّ حَدِيثَ : "عَلَى أَهْلِ كُلِّ بَيْتٍ أُضْحِيَّةٌ " ... مَا يَدُلُّ عَلَى وُجُوبِهَا عَلَى أَهْلِ كُلِّ بَيْتٍ يَجِدُونَهَا ، فَيَكُونُ قَرِينَةً عَلَى أَنَّ تَضْحِيَةَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ عَنْ غَيْرِ الْوَاجِدِينَ مِنْ أُمَّتِهِ) " نيل الأوطار " : (٥ /١١١).

قلتُ : وحديث : " مَنْ وَجَدَ سَعَةً وَلَمْ يُضَحِّ ..." دليلٌ صريحٌ لقول الشوكاني رحمه الله .

وقال الشوكاني : (وجعل الجمهور حديث : "أَنَّهُ ﷺ ضحَّى عن مَّنْ لم يضح من أمتهِ بكبش" قرينة صارفة لما تفيدهُ أدلة الموجبين ، ولا يخفى أنَّه يمكن الجمعُ بأنَّهُ ﷺ ضحَّى عن غير الواجدين من أمته كما يفيدهُ قوله ﷺ : " لَمْ يُضَحِّ مِنْ أُمَّتِي " مع قولهِ : "عَلَى أَهْلِ كُلِّ بَيْتٍ أُضْحِيَّةٌ ") انظر: "الدراري المضية شرح الدرر البهية" ص : (٣٠٧).

فبهذا الجمع بين الأدلة يظهر أنَّ الأضحية واجبةٌ في حق القادر عليها من أُمة محمد ﷺ ، أمَّا من لم يضح لكونه غير قادر عليها فقد سقط عنه حكم الوجوب أصلاً فضلاً عن تضحية النبي ﷺعنهم ، رأفةً وشفقةً منهُ ﷺ بأُمته لأنَّهُ موصوفٌ في القرآن بأنهُ : ﴿بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٨﴾﴾ [التوبة] .

٢ . ومن أقوى أدلتهم على عدم الوجوب : ما ورد عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (رضي الله عنها) أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ : ((إِذَا دَخَلَتِ الْعَشْرُ وَأَرَادَ أَحَدُكُمْ أَنْ يُضَحِّيَ فَلاَ يَمَسَّ مِنْ شَعَرِهِ وَبَشَرِهِ شَيْئًا)) صحيح مسلم رقم : (١٩٧٧).

فقالوا : فيهِ دليل على أنَّ الأضحية غير واجبة ، لأنه ﷺ قال: " إِذَا أَرَادَ أَحَدُكُمْ أَنْ يُضَحِّيَ ..." ولو كانت واجبة لم يُفَوَّض إلى إرادته.

وقد رَدَّ على هذا الإستدلال شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله بعد أن رَجَّح الوجوب قائلاً :

(وَنُفَاةُ الْوُجُوبِ لَيْسَ مَعَهُمْ نَصٌّ ، فَإِنَّ عُمْدَتَهُمْ قَوْلُهُ ﷺ : " مَنْ أَرَادَ أَنْ يُضَحِّيَ ..." قَالُوا : وَالْوَاجِبُ لَا يُعَلَّقُ بِالْإِرَادَةِ ، وَهَذَا كَلَامٌ مُجْمَلٌ ، فَإِنَّ الْوَاجِبَ لَا يُوَكَّلُ إلَى إرَادَةِ الْعَبْدِ ، فَيُقَالُ : إنْ شِئْتَ فَافْعَلْهُ ، بَلْ قَدْ يُعَلَّقُ الْوَاجِبُ بِالشَّرْطِ لِبَيَانِ حُكْمٍ مِنْ الْأَحْكَامِ ، كَقَوْلِهِ : ﴿إِذَا قُمْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغْسِلُوا۟ ... ﴿٦﴾﴾ [المائدة] ، وَقَدْ قَيَّدُوا فِيهِ : إذَا أَرَدْتُمْ الْقِيَامَ ، وَقَدَّرُوا : إذَا أَرَدْتَ الْقِرَاءَةَ فَاسْتَعِذْ ، وَالطَّهَارَةُ وَاجِبَةٌ ، وَالْقِرَاءَةُ فِي الصَّلَاةِ وَاجِبَةٌ ، وَقَدْ قَالَ تَعَالَى : ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٧﴾ لِمَن شَآءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ ﴿٢٨﴾﴾ [التكوير] وَمَشِيئَةُ الِاسْتِقَامَةِ وَاجِبَةٌ).

ثُمَّ قال رحمه الله : (وَأَيْضًا فَلَيْسَ كُلُّ أَحَدٍ يَجِبُ عَلَيْهِ أَنْ يُضَحِّيَ ، وَإِنَّمَا تَجِبُ عَلَى الْقَادِرِ ، فَهُوَ الَّذِي يُرِيدُ أَنْ يُضَحِّيَ كَمَا قَالَ ﷺ : " مَنْ أَرَادَ الْحَجَّ فَلْيَتَعَجَّلْ ، فَإِنَّهُ قَدْ يَضِلُّ الضَّالَّةُ ، وَتَعْرِضُ الْحَاجَةُ " وَالْحَجُّ فَرْضٌ عَلَى الْمُسْتَطِيعِ ، فَقَوْلُهُ : " مَنْ أَرَادَ أَنْ يُضَحِّيَ ..." كقوله : " مَنْ

أَرَادَ الْحَجَّ ...") مجموع الفتاوى : (٢٣ /١٦٢ . ١٦٤) ، وحديث " مَنْ أَرَادَ الْحَجَّ " رواه أحمد : (١ /٢١٤) والحاكم: (١ /٤٤٨) وحسنهُ الإمام الألباني في صحيح أبي داود رقم : (١٧٣٢) ، وانظر : " أحكام العيدين في السُنَّة المطهرة " ص : (٦٨) .

وقال الإمام العيني في " البناية في شرح الهداية " (٩ / ١٠٦ . ١١٤) : (... ليس المراد التخيير بين الترك والإباحة ، فصار كأنَّهُ قال : مَنْ قصد أن يضحي منكم ، وهذا لا يدل على نفي الوجوب ...) ، وانظر " أحكام العيدين " ص: (٦٦ . ٧٠).

٣ . واستدلوا أيضاً بأفعال الصحابة الذين لم يروا وجوب الأضحية ، ومنهم : أبي بكر وعمر وأبي مسعود الأنصاري وابن عباس وابن عمر وبلال وغيرهم رضوان الله عليهم.

وأُجيبَ : بأنَّ هذه آثار الصحابة . رضي الله عنهم . وهي لا تنهض لمقاومة الأحاديث الصحيحة الصريحة الظاهرة في الوجوب.

٤ . ورُوِيَ عن ابن عباس ﷺ أن النبي ﷺ قال : " ثلاث هُنَّ عليَّ فرض ولكم تطوعٌ ..." وعَدَّ منها الأضحية ، وقد نُقِلَ هذا الحديث بعدة روايات منها : " كُتِبَ عليَّ ولم يُكتَبْ عليكم " وفي أخرى : " أُمِرْتُ " وما في معناهُ ، انظر تخريجها في " نيل الأوطار " : (٥ / ١١١).

وأُجيبَ : بأنَّ هذا الحديث ضعيفٌ لا يصلح للإحتجاج ، قال الحافظ : (أطلق الأئمة على هذا الحديث الضعف كأحمد والبيهقي وابن الصلاح وابن الجوزي والنووي وغيرهم) "التلخيص الحبير" : (٣ / ١١٨) وقال المباركفوري (وقد صرَّح الحافظ ابن حجر بأنَّ الحديث ضعيف من جميع طُرُقهِ) " تحفة الأحوذي " : (٥ / ٧٦) وانظر : "التلخيص الحبير" : (٣ / ١١٨) و "المجموع" : (٨ /٣٨٦) ، وقد استوفى الشوكاني تخريج طُرُق الحديث وبيان ضعفها في "نيل الأوطار" : (٥ / ١١١) ، وانظر : "سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة" للإمام الألباني : (٦ / ٤٩٢ . ٤٩٤).

هذا وقد اعترض الجمهور على أدلة من قال بوجوب الأضحية قائلين :

١ . لا حُجَّة في قوله ﷺ : " عَلَى أَهْلِ كُلِّ بَيْتٍ أُضْحِيَّةٌ " على الوجوب لأنَّ الصيغة ليست صريحة في الوجوب ، وقد ذُكِرَ معها العتيرة وليست بواجبة عند من قال بوجوب الأضحية.

ويمكن الإجابة عليهم بأن يُقال :

أولاً : أنَّ الصيغة " لهُ عليكَ فعل كذا " جملة خبرية تفيد الوجوب ، وقد ذُكِرَ في كتب الأصول هذه الصيغة ضمن صيغ الوجوب ، ومثلوا لها بقوله تعالى : ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ﴿٩٧﴾﴾ [آل عمران] ، انظر : " تيسير علم أصول الفقه " ليوسف الجديع ص : (٢٠ . ٢١) ، و " التأسيس في أصول الفقه على ضوء الكتاب والسنة " لمصطفى بن سلامة ص : (٢٩٤ . ٢٩٥) ، وانظر : " تحفة الأحوذي " : (٥ / ٩٣) ، و " سبل السلام " : (٤ / ١٩١).

ثانياً : الحديث ظاهرٌ في وجوب الأضحية والعتيرة ، ثُمَّ جاء أحاديث صارفة للأمر بالعتيرة من الوجوب إلى الندب على قول بعض أهل العلم أو إلى النسخ على قول آخرين ، وبَقِيَ الأمر بالأضحية ظاهراً في الوجوب لعدم الصارف للأحاديث الصحيحة القاضية بالوجوب . انظر: "نيل الأوطار" : (٥ / ١١١ . ١١٢) و (٥ / ١٤٠ . ١٤١).

٢ . وأجابوا عن حديث : " مَنْ كَانَ لَهُ سَعَةٌ ..." بأنه أُختُلِفَ في رفعه ووقفه والموقوف أشبه بالصواب ، ومع ذلك فليس صريحاً في الإيجاب.

يُقال :

أولاً : قد ثبت رفعهُ عند المحققين فلا وجهَ لردهِ بعد هذا .

ثانياً : مثل هذا الوعيد لا يليق إلاَّ بترك الواجب .

*** فەزڵ و گەورەیی قوربانی کردن (فضل الأضحية) :**

هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان زانایاندا کە قوربانی کردن کارێکی شەرعییە و نزیك بوونەوەیەکی گەورەیە لە خوای پەروەردگار ، وە دروشمێکی ئاشکرای ئاینی پیرۆزی ئیسلامە ، بۆیە دەبینین پێغەمبەر (ﷺ) و سەلەفی صالّەحیش زۆر گرنگییان بە ئەنجامدانی قوربانی داوە بە شێوەیەك ئەو فەرموودانەی کە لە بارەی ئەنجامدان و پونکردنەوەی ئەحکامەکانییەوە هاتووە دەگەنە پلەی (التواتر المعنوي) چونکە زۆر زۆرن[١٧] ، وە پێغەمبەر (ﷺ) لە سەفەریشدا قوربانی ئەنجامداوە[١٨] وەك چۆن کاتێك لە مالّدا بووبێت ، وە ئەمانەیش هەموو بەڵگەن لەسەر گەورەیی و فەزڵی ئەم کارە پیرۆزە .

قال الكاساني : (وهذا خرج مخرج الوعيد على ترك الأضحية ، ولا وعيدَ إلاَّ بترك الواجب) "بدائع الصنائع" : (٤ / ١٩٤) ، وانظر: " تحفة الأحوذي " : (٥ / ٧٦) ، وقول الشوكاني : (ووجهُ الإستدلال به ...) السيل الجرار: (٣ / ٢٢٩) ، وقد نقلناهُ آنفاً ، وانظر " سبل السلام " : (٤ / ١٩١).

٣ . قال الحافظ : (وَاسْتُدِلَّ بِقَوْلِهِ : " **اِذْبَحْ مَكَانَهَا أُخْرَى** " وَفِي لَفْظ : " **أَعِدْ نُسُكًا** " وَفِي لَفْظ : " **ضَحِّ بِهَا** " وَغَيْر ذَلِكَ مِنْ الْأَلْفَاظ الْمُصَرِّحَة بِالْأَمْرِ بِالْأُضْحِيَّةِ عَلَى وُجُوب الْأُضْحِيَّة) ثُمَّ قال : (قَالَ الْقُرْطُبِيّ فِي " الْمُفْهِم " : وَلَا حُجَّة فِي شَيْءٍ مِنْ ذَلِكَ ، وَإِنَّمَا الْمَقْصُودُ بَيَانُ كَيْفِيَّةِ مَشْرُوعِيَّةِ الْأُضْحِيَّةِ لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يَفْعَلهَا أَوْ مَنْ أَوْقَعَهَا عَلَى غَيْر الْوَجْه الْمَشْرُوع خَطَأً أَوْ جَهْلاً ، فَبَيَّنَ لَهُ وَجْه تَدَارُك مَا فَرَّطَ مِنْهُ ...) " الفتح " : (١٠ / ٢٢).

ويُقال في الجواب : هذا التأويل . لتلك الألفاظ المصرحة بالأمر بالأضحية المقتضية للوجوب . غير وجيهٍ :

أولاً : يمكن أن يكون ما قالهُ القرطبي رحمه الله تأويلاً لصدر الحديث : " مَنْ ذَبَحَ قَبْلَ أَنْ يُصَلِّيَ فَلْيُعِدْ مَكَانَهَا أُخْرَى ..." فهو بيانٌ لكيفية مشروعية الأضحية من حيث وقتها وذلك بأنْ يُذبح بعد صلاة العيد ، وهذا البيان لا يكون صارفاً لحكم الأضحية وهو الوجوب المأخوذ من الأمر بها ، فالحكم شيءٌ وهيئةُ الفعل المحكوم عليه شيءٌ آخر.

ثانياً : إذا كان صدر الحديث يحتمل ذلك التأويل المردود لإفادة الحديث الوجوب ، فإنَّ تمام الحديث : " ومَنْ لم يذبح فلْيذبحْ " صريحٌ في إيجاب الأضحية كما لا يخفى .

[١٧] انظر كتاب الأضاحي من الكتب الستة وغيرها من مصادر السنة النبوية .

بیرخستنەوەیەك : لە دوای بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی ئەم کتێبە هەندێك لە موسڵمانان پرسیاری ئەوەیان دەکرد لەبەر چی لە ژێر ئەم بابەتەدا : (فضل الأضحية) هیچ فەرموودەیەك لەو فەرموودانەی کە لەم بارەیەوە هاتوون باس نەکراوە ؟؟؟!!!

لە وەڵامدا دەڵێم : لەبەر ئەوەی هیچ فەرموودەیەك لەو فەرموودانەی کە لەم بارەیەوە هاتوون (صحيح) نین و هەموویان (ضعيف) و لاوازن بەڵکو هەندێکیان (موضوع) و هەڵبەستراون ، و نابێت بە هیچ شێوازێك بدرێنە پاڵ پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) .

قال الإمام ابن العربي المالكي : (ليس في فضل الأضحية حديث صحيحٌ ، وقد روى الناس فيها عجائب لم تصح ، منها قوله ﷺ : "إنَّما مطاياكم إلى الجنة") عارضة الأحوذي : (٦ / ٢٢٨) .

*** حیکمەت لە ئەنجامدانی قوربانی (الحكمة من الأضحية):**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کردووە بە ئەنجامدانی قوربانی لەبەر چەند حیکمەتێك لەوانە:

١ ـ زیندوو کردنەوەی یادەوەری قوربانییەکەی پێغەمبەر ئیبراهیم ـ عليه الصلاة والسلام ـ **کە خوای گەورە لە بارەیەوە فەرموویەتی :** ﴿... قَالَ يَٰبُنَيَّ إِنِّيٓ أَرَىٰ فِي ٱلْمَنَامِ أَنِّيٓ أَذْبَحُكَ ...﴿١٠٢﴾﴾ إلى قوله تعالى: ﴿**وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ**﴾ [سورة الصافات : (١٠٢ ـ ١٠٧)].

٢ ـ ئاشکراکردن و پەیڕەوکردن و زیندووکردنەوەی یەکێك لە دروشمەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بەدەستخستنی پاداشتی ئەنجامدانی قوربانی .

٣ ـ دڵخۆشکردنی کەس و کار و منداڵ و خێزان و دراوسێ و خزمان و هەژاران بە تایبەتی بە دابەشکردنی گۆشتی قوربانی بە سەریاندا .

قَالَ أَبُو بُرْدَةَ (ﷺ) يَوْمَ النَّحْرِ: ((يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ هَذَا يَوْمٌ يُشْتَهَى فِيهِ اللَّحْمُ . **وَذَكَرَ جِيرَانَهُ** . ...)) الحديث[١٩] ، وفي روايةٍ عند مسلم : ((**وَذَكَرَ هَنَةً** [أي حاجة] **مِنْ جِيرَانِهِ**))[٢٠] ، وفي روايةٍ أخرى : ((وَإِنِّي عَجَّلْتُ نَسِيكَتِي **لأُطْعِمَ أَهْلِي وَجِيرَانِي وَأَهْيِلَ دَارِي**))[٢١] وعند أبي داود : ((وَعَرَفْتُ أَنَّ الْيَوْمَ يَوْمُ أَكْلٍ وَشُرْبٍ فَتَعَجَّلْتُ ، فَأَكَلْتُ **وَأَطْعَمْتُ أَهْلِي وَجِيرَانِي**))[٢٢] وقال (ﷺ) : ((... **فَكُلُوا** وَادَّخِرُوا وَتَصَدَّقُوا))[٢٣] ، وفي رواية أبي داود : ((أَلاَ وَإِنَّ هَذِهِ الأَيَّامَ **أَيَّامُ أَكْلٍ وَشُرْبٍ** وَذِكْرِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ))[٢٤].

واتە : هیچ فەرموودەیەکی صەحیح نییە سەبارەت بە فەزڵی قوربانی کردن ، وە خەڵکی لەم بارەیەوە شتی سەیروسەمەرەیان گێڕاوەتەوە کە صەحیح نین ، لەوانە فەرموودەی : "قوربانیەکانتان هەڵگرتانن بەرەو بەهەشت" . =

وە بۆ زانیاریت بڕوانە بابەتی : (**فەرموودە** (ضَعيف) **و لاوازەکانی بابەتی قوربانی کردن**) کە بۆ کۆتایی چاپی دووەمی ئەم کتێبە زیاد کراوە ، لاپەڕە : (٦٤ ـ ٦٩) .

[١٨] انظر الفتح : (١٠ / ٨) ، و " المجموع شرح المهذب " : (٦ / ٣١٧).

[١٩] صحيح البخاري رقم : (٥٥٤٩).

[٢٠] صحيح مسلم رقم : (١٩٦٢).

[٢١] صحيح مسلم رقم : (١٩٦١).

[٢٢] صحيح أبي داود رقم : (٢٨٠٠).

[٢٣] صحيح مسلم رقم : (١٩٧١).

[٢٤] صحيح أبي داود رقم : (٢٨١٣).

لەم فەرمودانەدا دەردەکەوێت کە ئەو چوار ڕۆژەی قوربانی تێدا ئەنجام دەدرێت ڕۆژانی خواردن و خواردنەوە و زیکری خوایە ، بە تایبەت خواردنی گۆشتی قوربانی و دابەشکردنی وەک خێر و چاکەیەک بە سەر خێزان و دراوسێی کەم دەست و موحتاج و هەژاران .

*** قوربانی بە چی دەکرێت (مِمَّ تكون الأضحية) ؟**

قوربانی تەنها بە ووشتر و گاو و مەڕ و بزن دەکرێت ، وە بە هیچ وولاخ و ئاژەلێکی تر جگە لەمانە ناکرێت.

قال الشيرازي في " المهذَّب " : (ولا يُجزىء في الأُضحية إلاَّ الأنعام ، وهي: الإبل والبقر والغنم لقولهِ تعالى : ﴿ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا لِّيَذْكُرُوا۟ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلْأَنْعَٰمِ ﴿٣٤﴾ ﴾ [الحج])[٢٥].

وقال الشوكاني : (المنسك هاهنا المصدر من نَسَكَ يَنْسُكُ إذا ذبح القُربان ... والمعنى : وجعلنا لكلّ أهل دين من الأديان ذبحاً يذبحونه ودماً يريقونه ... ليذكروا اسم الله وحده ويجعلوا نسكهم خاصّاً به ... **وفيه إشارة إلى أنَّ القُربان لا يكون إلاَّ من الأنعام دون غيرها**)[٢٦].

والأنعام هي : الإبل والبقر والغنم فقط دون غيرها .

*** تەمەنی قوربانی (سن الأضحية):**

لە کتێبی (أحكام العيدين)**دا هاتووە** : (وكان (ﷺ) يأمر أصحابه أَنْ يَذْبَحُوا الْجَذَعَ مِنْ الضَّأْنِ ، وَالثَّنِيَّ مِمَّا سِوَاهُ وَهِيَ الْمُسِنَّةُ)[٢٧].

واتە : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دەکرد بە هاوەڵانی کەوا شەك سەربڕن لە خووریدار ، وە ئەگەر ووشتر بوو با پێنج ساڵی تەواو کردبێت ، وە ئەگەر مانگا و بزن بوو با دوو ساڵی تەواو کردبێت و چوبێتە ناو ساڵی سێیەمەوە

وقال في " المهذب " : (ولا يجزئُ في الأضحية إلاَّ الجذعة من الضأن ، والثنية من المعز والإبل والبقر)[٢٨].

---

[٢٥] المجموع : (٨ / ٢٨٦).

[٢٦] تفسير فتح القدير : (٣ / ٥٥٤).

[٢٧] أحكام العيدين في السنَّة المُطهرة ص : (٧١-٧٢) ، وهو مستل من "زاد المعاد" : .

[٢٨] المجموع : (٦ / ٢٨٦) .

عَنْ مُجَاشِعِ بْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((إِنَّ الْجَذَعَ [مِنَ الضَّأْنِ] يُوَفِّي مِمَّا يُوَفِّي مِنْهُ الثَّنِيُّ [مِنَ الْمَعِزِ]))[٢٩].

واتە : مەڕێك سالێكی تەواو كردبێت وەكو بزنێك وایە كە دوو سالّی تەواو كردبێت ، واتە : لە خێرەكەیدا .

*** ووشتر و مانگا بۆ چەند كەس دەبێت (عن كم تُجزئُ الإبل والبقر) ؟**

دروستە (١٠) دە كەس هاوبەش و شەریك و بەشداربن لە كردنی ووشترێك بە قوربانی ، هەروەها مانگایەك بۆ (٧) حەوت كەس.

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي سَفَرٍ فَحَضَرَ الأَضْحَى ، فَاشْتَرَكْنَا فِي الْجَزُورِ عَنْ عَشَرَةٍ ، وَالْبَقَرَةِ عَنْ سَبْعَةٍ))[٣٠].

واتە: ئێمە لە سەفەرێكدا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووین و جەژنی قوربان ئامادە بوو ، جا بە هاوبەشی و شەریكی ووشترێكمان دەكرد بە قوربانی بۆ دە كەس ، وە مانگایەك بۆ حەوت كەس.

---

(٢٩) سنن البيهقي رقم : (١٩٥٤١) وصحيح أبي داود رقم : (٢٧٩٩) وصحيح سنن النسائي رقم : (٤٣٨٣) والزيادتان للبيهقي .

(والجذعة : هو وصف لسن معين من بَهيمة الأنعام ، فمن الضأن : ما أكمل سنة وهو قول الجمهور ، وقال الحنفيّة والحنابلة : الجَذَعُ من الضأن ما تَمت لهُ ستة أشهر ودخل في السابع ، وذلك إذا كان الجَذَعُ عظيماً .. والثني من الإبل : ما استكمل خمس سنين ، ومن البقر والمعز : ما استكمل سنتين وطعن في الثالثة) انظر : " زاد المعاد" : (٣١٧/٢) و "المجموع" : (٨ / ٢٨٧) و "الأدلة الرضيّة" ص: (٢٦٣) ، و "بدائع الصنائع" : (٤ / ٢٠٦) و "المغني" لابن قدامة : (٩ / ٤٤٠) و "كشاف القناع" : (٢ / ٥٣١ . ٥٣٢) .

واتە : (الجذعة / شەك) : سیفەتێكە بۆ تەمەنێكی دیاریكراو لە ئاژەڵدا ، جا لە مەڕدا : ئەوەیە كە سالێكی تەواو كردبێت ئەمەش وتەی زۆربەی زانایانە ، وە حەنەفی و حەنبەلی مەزهەبەكان دەڵێن : ئەگەر شەك (مەڕ) شەش مانگیشی تەواو كردبێت و پێی نابێتە حەوتەمەوە ئەوا دروستە بكرێتە قوربانی بە مەرجێك گەورە و قەڵەو بێت و گۆشتی گرتبێت .

وە وشترەی شیاو بو قوربانی ئەوەیە : كە پێنج سالّی تەواو كردبێت ، وە لە گا و بزنیشدا ئەوەیە : كە دوو سالّی تەواو كردبێت و پێی نابێتە سالّی سێیەمەوە .

(٣٠) صحيح سنن الترمذي رقم : (١٥٠١) ، وصحيح سنن ابن ماجه رقم : (٢٥٥٣).

*** مەڕێك یان بزنێك بۆ پیاوێك و خاو خێزانەكەی دەبێت :**

قال ابن القيم : (وَكَانَ مِنْ هَدْيِهِ (ﷺ) : أَنَّ الشَّاةَ تُجْزِئُ عَنْ الرَّجُلِ وَعَنْ أَهْلِ بَيْتِهِ ، وَلَوْ كَثُرَ عَدَدُهُمْ)[٣١].

واتە: لە رێنمای و فەرموودەكانی پێغەمبەردا (ﷺ) وابووە كەوا : (مەڕێك یان بزنێك) دروستە لە جیاتی پیاوێك خۆی و خێزانی و منداڵەكانی بكرێتە قوربانی ، هەرچەندە ژمارەیان زۆریش بێت.

عَنْ عَطَاءِ بْنِ يَسَارٍ قَالَ سَأَلْتُ أَبَا أَيُّوبَ الأَنْصَارِيَّ (رضي الله عنه) كَيْفَ كَانَتِ الضَّحَايَا فِيكُمْ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ؟ قَالَ : ((كَانَ الرَّجُلُ فِي عَهْدِ النَّبِيِّ (ﷺ) يُضَحِّي بِالشَّاةِ عَنْهُ وَعَنْ أَهْلِ بَيْتِهِ ، فَيَأْكُلُونَ وَيُطْعِمُونَ ، ثُمَّ تَبَاهَى النَّاسُ فَصَارَ كَمَا تَرَى))[٣٢].

واتە : پرسیارم كرد لە (أبو أيوب الأنصاري) : **قوربانی ئەنجامدان چۆن بوو لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) ؟ فەرمووی: لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) پیاو ئاژەڵێكی (مەڕێك یان بزنێك)ی دەكرد بە قوربانی بۆ خۆی و خێزانی و منداڵەكانی ، وە خۆیان لێیان دەخوارد و لێشیان دەدا بە خەڵك بۆ خواردنی ، ئەنجا خەڵك دوای ئەو سەردەمە دەستیان دایە شانازی وەك دەیبینی.**

قال الشوكاني : (قَوْلُهُ : " يُضَحِّي بِالشَّاةِ عَنْهُ وَعَنْ أَهْلِ بَيْتِهِ " فِيهِ دَلِيلٌ عَلَى **أَنَّ الشَّاةَ تُجْزِئُ عَنْ أَهْلِ الْبَيْتِ** ، لِأَنَّ الصَّحَابَةَ كَانُوا يَفْعَلُونَ ذَلِكَ فِي عَهْدِهِ (ﷺ) وَالظَّاهِرُ اطِّلَاعُهُ فَلَا يُنْكِرُ عَلَيْهِمْ ، وَيَدُلُّ عَلَى ذَلِكَ أَيْضًا حَدِيثُ : "عَلَى كُلِّ أَهْلِ بَيْتٍ فِي كُلِّ عَامٍ أُضْحِيَّةٌ")[٣٣].

وقال أيضاً : (وَالْحَقُّ أَنَّهَا تُجْزِئُ عَنْ أَهْلِ الْبَيْتِ **وَإِنْ كَانُوا مِائَةَ نَفْسٍ أَوْ أَكْثَرَ** كَمَا قَضَتْ بِذَلِكَ السُّنَّةُ)[٣٤].

واتە : ڕاستی ئەوەیە كەوا تەنها یەك شەك دروستە بكرێتە قوربانی لە جیاتی خێزانێك ، ئەگەر چی (١٠٠) سەد كەس یان زیاتریش بن ، هەر وەكو چۆن فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەمەی یەكلاكردووەتەوە .

وَعَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) : ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَمَرَ بِكَبْشٍ أَقْرَنَ ، يَطَأُ فِي سَوَادٍ وَيَبْرُكُ فِي سَوَادٍ وَيَنْظُرُ فِي سَوَادٍ ، فَأُتِيَ بِهِ لِيُضَحِّيَ بِهِ ، فَقَالَ لَهَا : يَا عَائِشَةُ هَلُمِّي الْمُدْيَةَ ، ثُمَّ قَالَ : اشْحَذِيهَا بِحَجَرٍ ، فَفَعَلَتْ ، ثُمَّ أَخَذَهَا وَأَخَذَ

---

[٣١] زاد المعاد : (٢ / ٣٢٣).

[٣٢] صحيح سنن الترمذي رقم : (١٥٠٥) ، وصحيح سنن ابن ماجه رقم: (٢٥٦٣).

[٣٣] نيل الأوطار : (٥ / ١٢٠) . (٣٤) نيل الأوطار : (٥ / ١٢١) .

الْكَبْشَ فَأَضْجَعَهُ ثُمَّ ذَبَحَهُ ثُمَّ قَالَ : بِاسْمِ اللَّهِ ، اللَّهُمَّ تَقَبَّلْ مِنْ **مُحَمَّدٍ وَآلِ مُحَمَّدٍ** وَمِنْ أُمَّةِ مُحَمَّدٍ ، ثُمَّ ضَحَّى بِهِ))[٣٥].

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد بە بەرانێکی شاخدار کە سمەکانی و چۆکەکانی و دەوروبەری چاوی ڕەش بوو ، جا هێنایان بۆ ئەوەی بیکات بە قوربانی ، ئەنجا بە عائیشەی فەرموو : ئەی عائیشە چەقۆکەم بۆ بێنە ، وە تیژی بکە بە بەردێك ئەویش ئەوەی ئەنجامدا ، ئەنجا پێغەمبەر (ﷺ) چەقۆکەی وەرگرت و بەرانەکەشی برد و ڕایکشاند بە لادا و ئەنجا سەری بڕی ، ئەنجا فەرمووی : بە ناوی خواوە ، خوایە قبوڵی کە لە موحەممەد و بنەماڵەی موحەممەد ، وە لە ئوممەتی موحەممەدیش ، ئەنجا کردی بە قوربانی .

قال النووي في شرح هذا الحديث : (وَاسْتَدَلَّ بِهَذَا **مَنْ جَوَّزَ تَضْحِيَةَ الرَّجُلِ عَنْهُ وَعَنْ أَهْلِ بَيْته ، وَاشْتِرَاكهمْ مَعَهُ فِي الثَّوَاب ، وَهُوَ مَذْهَبنَا وَمَذْهَب الْجُمْهُور**)[٣٦].

واتە : ئیمامی نەوەوی لە لێکدانەوەی ئەم فەرموودەیەدا فەرموویەتی : ئەم فەرموودەیە کراوە بە بەڵگە لە لایەن ئەوانەوە کەوا قوربانی کردنی پیاوێك لە جیاتی خۆی و لە جیاتی خێزانی بە دروست دەزانن و هاوبەشن لەگەڵیدا لە پاداشتەکەیدا ، ئەمەش بۆچوونی ئیمەی شافعی مەزهەب و بۆچوونی زۆرینەی زانایانە .

وقال الخطابي : (وَفِي قَوْله : "تَقَبَّلْ مِنْ مُحَمَّد وَآل مُحَمَّد وَمِنْ أُمَّة مُحَمَّد" دَلِيل عَلَى **أَنَّ الشَّاة الْوَاحِدَة تُجْزِئُ عَنْ الرَّجُل وَعَنْ أَهْله وَإِنْ كَثُرُوا** ، وَرُوِيَ عَنْ أَبِي هُرَيْرَة وَابْن عُمَر (ﷺ) أَنَّهُمَا كَانَا يَفْعَلَانِ ذَلِكَ ، وَأَجَازَهُ مَالِك وَالْأَوْزَاعِيُّ **وَالشَّافِعِيُّ** وَأَحْمَدُ بْن حَنْبَل وَإِسْحَاق بْن رَاهْوَيْهِ ، وَكَرِهَ ذَلِكَ أَبُو حَنِيفَة وَالثَّوْرِيُّ رَحِمَهُمَا اللَّه تَعَالَى)[٣٧].

واتە : ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) : "خوایە قبوڵی کە لە موحەممەد و بنەماڵەی موحەممەد ، وە لە ئوممەتی موحەممەدیش" بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا تەنها یەك شەك دروستە بکرێتە قوربانی لە جیاتی پیاوێك و خێزانەکەشی ئەگەر چی ژمارەشیان زۆر بێت ، وە ئەمەش گێڕراوەتەوە لە (أبو هريرة وابن

---

[٣٥] صحيح مسلم رقم : (٥٠٦٤) .

[٣٦] شرح صحيح مسلم للنووي : (١٣ / ١٢٤) .

[٣٧] معالم السنن : (٢ / ١٩٧) .

عمر)ەوە (رضي الله عنهم) کەوا هەردووکیان ئاواهایان کردووە (واتە : تەنها یەک شەکیان کردووە بە قوربانی لە جیاتی خۆیان و خێزانەکانیان) ، وە پێشەوایان (مَالِك وَالْأَوْزَاعِيُّ **وَالشَّافِعِيُّ** وَأَحْمَدُ بْن حَنْبَل وَإِسْحَاق بْن رَاهْوَيْهِ) رێگەیان بەمە داوە و بە دروستیان زانیوە ، بەڵام (الثوري وأبو حنيفة) ئەمەیان بە باش نەزانیوە .

وقال الرافعي : (الشاةُ الواحدة لا يُضحى بها إلاَّ عن واحدٍ ، **لكن إذا ضحى بها واحد عن أهلِ بيتٍ تأتي الشعارُ والسنةُ لجميعهم**)[٣٨].

وقال النووي : (تجزىءُ الشاة عن واحدٍ ، ولا تُجزىء عن أكثر من واحد ، **لكن إذا ضحى بها واحد عن أهل البيت تأدَى الشعارُ في حقِ جميعهم**)[٣٩].

کەواتە : لە مەزهەبی ئیمامی (شافعی)شدا ئەگەر کەسێك (مەڕێك یان بزنێك) بکات بە قوربانی بۆ خۆی و خێزانی و منداڵەکانی ئەوا لەسەر هەر هەموویان دەکەوێت .

وَعَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ : ((ضَحَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ أَزْوَاجِهِ بِالْبَقَرِ))[٤٠].

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) مانگایەکی کرد بە قوربانی بۆ هەموو خێزانەکانی .

قال الحافظ : (وَاسْتَدَلَّ بِهِ الْجُمْهُورُ عَلَى أَنَّ ضَحِيَّةَ الرَّجُلِ تُجْزِئُ عَنْهُ وَعَنْ أَهْلِ بَيْته ، وَخَالَفَ فِي ذَلِكَ الْحَنَفِيَّة ، وَادَّعَى الطَّحَاوِيُّ أَنَّهُ مَخْصُوص أَوْ مَنْسُوخ وَلَمْ يَأْتِ لِتَذَلِكَ بِدَلِيلٍ ، قَالَ الْقُرْطُبِيُّ : لَمْ يُنْقَلْ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) أَمَرَ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِنْ نِسَائِهِ بِأُضْحِيَّةٍ مَعَ تَكْرَار سِنِي الضَّحَايَا وَمَعَ تَعَدُّدهنَّ ، وَالْعَادَةُ تَقْضِي بِنَقْلِ ذَلِكَ لَوْ وَقَعَ كَمَا نُقِلَ غَيْر ذَلِكَ مِنْ الْجُزْئِيَّات ، وَيُؤَيِّدهُ [حديث أَبِي أَيُّوبَ الأَنْصَارِيِّ])[٤١].

---

[٣٨] المجموع : (٨ / ٢٧٦).

[٣٩] المصدر نفسه : (٨ / ٢٩١) ، وانظر : شرح صحيح مسلم للنووي : (٥ / ١٠٥ . ١٠٦) .

[٤٠] صحيح البخاري رقم : (٥٥٤٨).

[٤١] الفتح : (١٠ / ٨ . ٩).

*** نابێت حەیوانی قوربانی عەیبدار بێت (لا تجوزُ الأُضحية بذات عَيبٍ) :**

لە مەرجەکانی ئەو ئاژەڵەی کە دەکرێت بە قوربانی دەبێت سەلامەت بێت لە عەیب و کەم و کوڕی و ساغ بێت.

عَنْ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((أَرْبَعٌ لاَ تُجْزِئُ فِي الأَضَاحِيِّ : الْعَوْرَاءُ الْبَيِّنُ عَوَرُهَا ، وَالْمَرِيضَةُ الْبَيِّنُ مَرَضُهَا ، وَالْعَرْجَاءُ الْبَيِّنُ ظَلْعُهَا ، وَالْكَسِيرَةُ الَّتِي لاَ تُنْقِي))[٤٢].

واتە: چوار ئاژەڵ نابێت بکرێت بە قوربانی : کوێر و نەخۆش و شەلی ئاشکرا و لاوازێك کە ئێسکەکانی مۆخی تێدا نەبێت.

قال النووي : (وَأَجْمَعُوا عَلَى أَنَّ الْعُيُوبَ الْأَرْبَعَةَ الْمَذْكُورَةَ فِي حَدِيث الْبَرَاء ... لَا تُجْزِي التَّضْحِيَةُ بِهَا ، وَكَذَا مَا كَانَ فِي مَعْنَاهَا ، أَوْ أَقْبَح كَالْعَمَى ، وَقَطْع الرِّجْل ، وَشَبَهه)[٤٣].

واتە : زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کەوا ئەم چوار کەم و کوڕییە کە لە فەرموودەکەی (البراء)دا باس کراوە دروست نییە بکرێت بە قوربانی ، هەروەها ئەو کەم و کوڕیانەیش کە هاوشێوەی ئەمانەن یان لەمانە خراپ ترن وەکو کوێری و قاچ بڕان و هاوشێوەکانی .

---

[٤٢] صحيح سنن النسائي رقم : (٤٣٦٩) و (٤٣٧٠) ، وصحيح سنن ابن ماجه رقم : (٣١٤٤).

[٤٣] شرح صحيح مسلم : (١٣ / ١٠١) ، وانظر " المجموع " : (٨ / ٢٩٢ . ٢٩٧).

وَعَنْ عَلِيٍّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((أَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ نَسْتَشْرِفَ الْعَيْنَ وَالأُذُنَ))[٤٤].

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێکردین کەوا وورد ببینەوە لە چاو و گوێی حەیوانی قوربانی بۆ ئەوەی سەلامەت بێت لە کەم و کوڕی و عەیب دار نەبێت .

لەبەر ئەمە دەبێت قوربانی بە ئاژەڵێك بکرێت کەوا سەلامەت بێت لە هەموو عەیبێك .

وە لەمەش زیاتر دەبێت قەڵە و چاک و جوان بێت:

قال ابن عباس في تفسير قوله تعالى : ﴿ ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ ﴿٣٢﴾ ﴾ [الحج] ، قال : تعظيمها : استسمانها واستحسانها ، وفي روايةٍ أُخرى قال : الإستسمانُ والاستحسان والإستعظام)[٤٥].

واتە: قەڵەو و چاك و گەورە بێت.

وَعَنْ أَبِي أُمَامَةَ بْنِ سَهْلٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((كُنَّا نُسَمِّنُ الأُضْحِيَّةَ بِالْمَدِينَةِ ، وَكَانَ الْمُسْلِمُونَ يُسَمِّنُونَ))[٤٦].

واتە : ئێمە لە مەدینەی پێغەمبەردا (ﷺ) ئاژەڵی قوربانیمان قەڵەو دەکرد ، وە موسڵمانانیش ئاژەڵی قوربانیان قەڵەو دەکرد .

*** کاتی سەربڕینی قوربانی (وقت ذبح الأضحية):**

مەرجە قوربانی دوای ئەنجامدانی نوێژی جەژنی قوربان سەربڕێت ، وە هەر کەسێك پێش نوێژی جەژن قوربانییەکەی سەربڕێت ئەوا بە قوربانی بۆی ناژمێرێت بەڵکو ئەو ئاژەڵە سەر بڕاوە سەربڕاوی گۆشتە نەك قوربانی .

عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَخْطُبُ فَقَالَ : ((إِنَّ أَوَّلَ مَا نَبْدَأُ مِنْ يَوْمِنَا هَذَا أَنْ نُصَلِّيَ ، ثُمَّ نَرْجِعَ فَنَنْحَرَ ، فَمَنْ فَعَلَ هَذَا فَقَدْ أَصَابَ سُنَّتَنَا ، وَمَنْ نَحَرَ قَبْلَ الصَّلاَةِ فَإِنَّمَا هُوَ لَحْمٌ يُقَدِّمُهُ لأَهْلِهِ ، لَيْسَ مِنَ النُّسُكِ فِي شَيْءٍ ...))[٤٧].

---

[٤٤] صحيح سنن الترمذي رقم : (١٤٩٨) وصحيح سنن النسائي رقم : (٤٣٧٦) .

[٤٥] تفسير ابن كثير : (٥ / ٢٣٨٤ . ٢٣٨٥).

[٤٦] أخرجهُ البخاري كما في " الفتح " : (١٠ / ١٣).

[٤٧] صحيح البخاري رقم : (٩٦٥) و (٥٥٦٠).

واتە : یەکەم شت کە ئەمڕۆ دەستی پێبکەین ئەوەیە نوێژی جەژن دەکەین ، پاشان دەگەڕێینەوە ئەنجا قوربانی سەر دەبڕین ، جا هەر کەسێ ئاوای کرد ئەوا لەسەر سوننەت و ڕێبازی ئێمەیە ، وە هەرکەسێ پێش نوێژی جەژن سەری بڕیوە ئەوە تەنها گۆشتی پێشکەش کەس و کاری کردووە و بە قوربانی بۆی ناژمێرێت بە هیچ شێوەیەك.

بۆیە دەبێت موسڵمانان ئاگادار بن کەوا قوربانی دوای ئەنجامدانی نوێژی جەژن سەر ببڕن ، وە نابێت بڵێیت ئەی ئەگەر وابێت چۆن فریا بکەوین لە گۆشتەکەی بکەین بە چێشت و لێی ببەخشین بە سەر دراوسێ و کەمدەست و هەژاراندا ؟ چونکە لە کوردستاندا داب و نەریت وایە خەڵك لە ڕۆژانی جەژندا چێشت زوو لێدەنێن بۆ ئەوەی بۆ دوای نوێژی جەژن ئامادەبێت ! ! ئەم بیانووە دروست نییە بەڵکو دەبێت دوای نوێژی جەژن قوربانی سەربڕێت ئەگینا دەبێت ئاژەڵێکی تر بکات بە قوربانی .

وعَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ (رضي الله عنه) أَيْضَاً قَالَ : خَطَبَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي يَوْمِ نَحْرٍ فَقَالَ : ((لاَ يَذْبَحَنَّ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُصَلِّيَ ، قَالَ : فَقَامَ خَالِي [أَبُو بُرْدَةَ] فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ [إِنَّ هَذَا يَوْمٌ يُشْتَهَى فِيهِ اللَّحْمُ][٤٨] ، وَإِنِّي عَجَّلْتُ نُسُكِي لأُطْعِمَ أَهْلِي وَأَهْلَ دَارِي أَوْ جِيرَانِي ، قَالَ : فَأَعِدْ ذَبْحاً آخَرَ))[٤٩].

واتە : هیچ کەسێکتان پێش ئەوەی نوێژی جەژن بکات با قوربانی سەر نەبڕێت ، جا خاڵم (أبو بردة) هەستاو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا : (ئەمڕۆ ڕۆژێکە تێیدا حەز لە گۆشت دەکرێت) ، جا من پەلەم کرد پێش نوێژی جەژن قوربانییەکەم سەر بڕی بۆ ئەوەی بکرێت بەچێشت بۆ خێزانەکەم و کەس و کاری ناو ماڵەکەم و دراوسێکانم ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : دووبارە ئاژەڵێکی تر سەر ببڕە بۆ قوربانی.

وە دروستە سەربڕینی قوربانی دوابخرێت بۆ ڕۆژانی یەکەم و دووەم و سێیەمی دوای ڕۆژی جەژن کە پێیان دەوترێت: " أيام التشريق " چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ((كُلُّ أَيَّامِ التَّشْرِيقِ ذَبْحٌ))[٥٠].

واتە: هەموو ڕۆژانی تەشریق کاتی سەر بڕینی قوربانییە .

---

[٤٨] هذا لفظ البخاري رقم : (٥٥٤٤).

[٤٩] صحيح سنن الترمذي رقم : (١٥٠٨).

[٥٠] مسند الإمام أحمد رقم : (١٧٢٠٧) ، وصحيح الجامع الصغير رقم : (٤٥٣٧).

وە بۆ زانینی واتای (أَيَّامِ التَّشْرِيقِ) بگەڕێرەوە بۆ لاپەڕە (٦)ی ئەم کتێبە .

بەڵام سوننەت وایە دوای ئەنجامدانی نوێژی جەژن هەر یەکەم ڕۆژ قوربانییەکە ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی بکرێت بە چێشتی جەژن و دوانەخرێت .

کەواتە : سەرەتای کاتی سەربڕینی قوربانی لە دوای ئەنجامدانی نوێژی جەژنی قوربانەوە دەست پێدەکات تا کۆتایی سێیەم ڕۆژی دوای

جەژن واتە: تا خۆر ئاوا بوونی ڕۆژی سێیەم .

قال صاحب "مُغني المحتاج" : (وَيَبْقَى وَقْتُ التَّضْحِيَةِ حَتَّى تَغْرُبَ الشَّمْسُ آخِرَ أَيَّامِ التَّشْرِيقِ)[٥١].

*دابەشکردنی گۆشتی قوربانی (توزيع لحم الأضحية) :

عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) : أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((كُلُوا وَادَّخِرُوا وَتَصَدَّقُوا))[٥٢] وفي رواية : ((وَاتَّجِرُوا))[٥٣] بدل ((وَتَصَدَّقُوا)) ، وفي حديث جَابِرٍ : ((وَتَزَوَّدُوا))[٥٤] ، وفي حديث سَلَمَةَ بْنِ الأَكْوَعِ : ((وَأَطْعِمُوا))[٥٥].

لەم ڕیوایەتانەدا بۆمان دەردەکەوێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بە چەند شتێك کردووە کەوا خاوەن قوربانی پێی هەڵبسێت :

١ ـ خۆی لێی بخوات و خێزانی و منداڵەکانی . نەمەش سوننەتە:

قال الحافظ : (وَيُسْتَحَبُّ لِلْمُضَحِّي أَنْ يَأْكُلَ مِنْ الْأُضْحِيَّةِ شَيْئاً ، وَيُطْعِمَ الْبَاقِي صَدَقَةً وَهَدِيَّةً .

وَعَنْ الشَّافِعِيِّ : يُسْتَحَبُّ قِسْمَتهَا أَثْلَاثاً لِقَوْلِهِ (ﷺ) : " كُلُوا وَأَطْعِمُوا وَادَّخِرُوا ")[٥٦].

واتە : سوننەت وایە بۆ خاوەنی قوربانی کەوا هەندێك لە قوربانییەکە بخوات و پاشماوەکەشی بکات بە خێر و صەدەقە و دیاری .

---

[٥١] مغني المحتاج : (٤ /٣٦٢) .

[٥٢] صحيح مسلم رقم : (١٩٧١).

[٥٣] صحيح أبي داود رقم : (٢٨١٣) ، قال الشوكاني : (ومعنى قوله : ((وَاتَّجِرُوا)) أي أطلبوا الأجر بالصدقة كما بيّنه في الرواية الأخرى بقوله : ((وَتَصَدَّقُوا))) انظر: " السيل الجرّار " : (٢٤٦/٣).

[٥٤] صحيح مسلم رقم : (١٩٧٢).

[٥٥] صحيح البخاري رقم : (٥٥٦٩) وصحيح مسلم رقم : (١٩٧٣).

[٥٦] الفتح: (١٠ / ٣٤) ، وانظر : " المجموع " : (٨ / ٣٠٧) و (٨ / ٣١١).

وە لە (شافعی)ـەوە : سوننەتە قوربانی بکرێتە سێ بەشەوە لەبەر فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) : "لێی بخۆن و لێی ببخشنەوە و لێی هەڵبگرن" .

* قوربانی چێشتی جەژنە :

وقال ابن القيّم : (... وَأَمَّا فِي عِيدِ الْأَضْحَى فَكَانَ (ﷺ) لَا يَطْعَمُ حَتَّى يَرْجِعَ مِنْ الْمُصَلَّى فَيَأْكُلُ مِنْ أُضْحِيَّتِهِ)[٥٧].

واتە : ... بەڵام لە جەژنی قوربانداا پێغەمبەر (ﷺ) هیچ خواردنێکی نەدەخوارد هەتاوەکو دەگەڕایەوە لە (نوێژگە) ئەنجا لە قوربانییەکەیی دەخوارد .

عَنِ بُرَيْدَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ لاَ يَخْرُجُ يَوْمَ الْفِطْرِ حَتَّى يَطْعَمَ ، وَلا يَأْكُلُ يَوْمَ الأَضْحَى حَتَّى يَرْجِعَ فَيَأْكُلَ مِنْ أُضْحِيَّتِهِ))[٥٨].

واتە : پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان لە ماڵ دەرنەدەچوو هەتا خواردنی نەخواردایە ، وە ڕۆژی جەژنی قوربان خواردنی نەدەخوارد هەتا دەگەڕایەوە لە نوێژی جەژن ئەنجا لە قوربانییەکەیی دەخوارد .

کەواتە : چاکترواید هەر یەکەم ڕۆژ قوربانی بکرێت و دوانەخرێت .

٢ ـ دروستە بۆ خاوەنی قوربانی بەشێک لە گۆشتی قوربانییەکە هەڵبگرێت بۆ ڕۆژانی داهاتوو :

قال الإمام النووي : (ويجوز أن يدخر من لحم الأضحية)[٥٩].

وقال الإمام المباركفوري : (قَوْلُهُ : " وَادَّخِرُوا " : أَيْ اِجْعَلُوهَا ذَخِيرَةً)[٦٠].

عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (رضي الله عنه) : ((أَنَّهُ كَانَ غَائِبَاً ، فَقَدِمَ فَقُدِّمَ إِلَيْهِ لَحْمٌ ، فَقَالُوا : وَهَذَا مِنْ لَحْمِ ضَحَايَانَا))[٦١].

---

[٥٧] زاد المعاد : (١/٤٤١) وانظر : " نيل الأوطار " : (٣/٣٥٣) و " الفتح " : (٢/٤٤٨).

[٥٨] السنن الصغرى للبيهقي رقم : (٦٩١) ، ومسند الأمام أحمد رقم : (٢٣٦٨٦) ، وسنن الدارقطني رقم : (١٧٣٤) ، وصحيح سنن الترمذي رقم : (٥٤٢) وصحيح سنن ابن ماجه رقم : (١٧٥٦) .

[٥٩] المجموع : (٦ / ٣١٠).

[٦٠] تُحفة الأحوذي : (٥/ ٨١).

[٦١] صحيح البخاري رقم : (٥٥٦٨).

واتە : (أبو سعيد) لە سەفەرێکدا بوو کاتێك گەڕایەوە گۆشتیان بۆ هێنا و وتیان : ئەمە لە گۆشتی قوربانیەکەمان بوو کە هەڵمان گرتبوو .

وە دروستیشە لێی هەڵبگرێت و بیبات لەگەڵ خۆیدا لە کاتی سەفەردا بە بەڵگەی ڕیوایەتی : ((وَتَزَوَّدُوا)) .

وَعَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنهما) قَالَ : ((كُنَّا نَتَزَوَّدُ لُحُومَ الأَضَاحِيِّ عَلَى عَهْدِ النَّبِيِّ (ﷺ) إِلَى الْمَدِينَةِ))[٦٢].

واتە : ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) گۆشتی قوربانیمان لەگەڵ خۆمان هەڵدەگرت لە مەککەوە بۆ مەدینە.

وَعَنْ ثَوْبَانَ مَوْلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ : أَصْلِحْ هَذَا اللَّحْمَ ، قَالَ : فَأَصْلَحْتُهُ فَلَمْ يَزَلْ يَأْكُلُ مِنْهُ حَتَّى بَلَغَ الْمَدِينَةَ))[٦٣].

واتە : لە حەججی مالئاواییدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی وتم: لەم گۆشتەمان بۆ چاك و ئامادە بکە ، جا منیش چاکم کرد ، ئەنجا بەردەوام پێغەمبەر (ﷺ) لێیی دەخوارد هەتا گەیشتە مەدینە.

٣ ـ پێویست و (واجب)ە بەشێک لە گۆشتی قوربانیەکە ببەخشێت و بیکات بە خێر چ بە ئامادە کراوی بێت وەك چێشت یان بە کاڵی و سادەیی ، بەڵام سوننەتە زۆربەی هەرەزۆری بکات بە خێر و بیبەخشێت و دابەشی بکات بە سەر کەم دەست و هەژاراندا لە دراوسێ و خزم و دۆستان و خەڵکانی تری بێنەوا و هەژار.

قال الشوكاني : (قَوْلُهُ : ((وَأَطْعِمُوا)) وَفِي حَدِيثِ عَائِشَةَ : ((وَتَصَدَّقُوا)) فِيهِ دَلِيلٌ عَلَى وُجُوبِ التَّصَدُّقِ مِنْ الْأُضْحِيَّةِ ... وَيُسْتَحَبُّ أَنْ يَكُونَ بِمُعْظَمِهَا)[٦٤].

واتە : فەرموودەی ((وَأَطْعِمُوا)) ... ((وَتَصَدَّقُوا)) : بەڵگەیە لەسەر واجبێتی صەدەقە کردن بە بەشێك لە قوربانیەکە ... وە سوننەت وایە زۆربەی بکرێت بە خێر و صەدەقە .

وقال النووي : (يجبُ التصدق بشيءٍ يطلق عليه الأسم ، لأنَّ المقصود إرفاق المساكين)[٦٥].

---

[٦٢] صحيح البخاري رقم : (٥٥٦٧).
[٦٣] صحيح مسلم رقم : (١٩٧٥).
[٦٤] نيل الأوطار : (٥ / ١٢٨).
[٦٥] المجموع : (٦ / ٣٠٨).

وقال الحافظ : (وَأَمَّا الصَّدَقَةُ مِنْهَا فَالصَّحِيحُ أَنَّهُ يَجِبُ التَّصَدُّقُ مِنْ الْأُضْحِيَّةِ بِمَا يَقَعُ عَلَيْهِ الِاسْمُ ، وَالْأَكْمَلُ أَنْ يَتَصَدَّقَ بِمُعْظَمِهَا)[٦٦].

*** چ کاتێ دروستە نیەیە گۆشتی قوربانی هەڵبگیرێت (متى لا يجوز إدخار لحم الأضحية) ؟**

دروست نیەیە گۆشتی قوربانی هەڵبگیرێت زیاتر لە سێ ڕۆژ ئەگەر گرانی ڕووی کردە خەڵک و بەشێکی کەمیان قوربانیان کرد و زۆرینەیان کەم دەست و هەژار و بێنەوا و موحتاج بوون ، بۆ ئەوەی ئەوانەی توانایان هەیە قوربانی بکەن لێی ببەخشن و دابەشی بکەن بە سەر کەم دەست و هەژاراندا .

عَنْ عَابِسِ بْنِ رَبِيعَةَ قَالَ : ((قُلْتُ لِعَائِشَةَ : أَنَهَى النَّبِيُّ (ﷺ) أَنْ تُؤْكَلَ لُحُومُ الأَضَاحِيِّ فَوْقَ ثَلاَثٍ ؟ قَالَتْ : مَا فَعَلَهُ إِلاَّ فِي عَامٍ جَاعَ النَّاسُ فِيهِ ، فَأَرَادَ أَنْ يُطْعِمَ الْغَنِيُّ الْفَقِيرَ))[٦٧].

قال الحافظ في شرح هذا الحديث[٦٨] : (وَلِلطَّحَاوِيِّ مِنْ هَذَا الْوَجْه : "أَكَانَ يُحَرِّمُ لُحُومَ الْأَضَاحِيِّ فَوْقَ ثَلَاثٍ ؟ قَالَتْ : لَا ، وَلَكِنَّهُ لَمْ يَكُنْ يُضَحِّي مِنْهُمْ إِلَّا الْقَلِيلَ ، فَفَعَلَ لِيُطْعِمَ مَنْ ضَحَّى مِنْهُمْ مَنْ لَمْ يُضَحِّ " ، وَفِي رِوَايَة مُسْلِم ... : "إِنَّمَا نَهَيْتُكُمْ مِنْ أَجْل الدَّافَّة الَّتِي دَفَّتْ ، فَكُلُوا وَتَصَدَّقُوا وَادَّخِرُوا" ، وَأَوَّل الْحَدِيث عِنْد مُسْلِم : "دَفَّ نَاسٌ مِنْ أَهْلِ الْبَادِيَةِ حَضْرَةَ الْأَضْحَى فِي زَمَانِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ : اِدَّخِرُوا لِثَلَاثٍ ، وَتَصَدَّقُوا بِمَا بَقِيَ " فَلَمَّا كَانَ بَعْد ذَلِكَ قِيلَ : يَا رَسُول اللَّه لَقَدْ كَانَ النَّاس يَنْتَفِعُونَ مِنْ ضَحَايَاهُمْ ، فَقَالَ " إِنَّمَا نَهَيْتُكُمْ مِنْ أَجْل الدَّافَّة الَّتِي دَفَّتْ ، فَكُلُوا وَتَصَدَّقُوا وَادَّخِرُوا"[٦٩].

قَالَ الْخَطَّابِيُّ : ... وَالدَّافَّةُ مَنْ يَطْرَأُ مِنْ الْمُحْتَاجِينَ) ا.هـ.

قلتُ : وعندَ التِّرْمِذِيِّ مِنْ حَدِيثِ بُرَيْدَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنْ لُحُومِ الأَضَاحِيِّ فَوْقَ ثَلاَثٍ لِيَتَّسِعَ ذُو الطَّوْلِ عَلَى مَنْ لاَ طَوْلَ لَهُ ، فَكُلُوا مَا بَدَا لَكُمْ وَأَطْعِمُوا وَادَّخِرُوا))[٧٠].

وعندَ ابْنِ مَاجَهْ مِنْ حَدِيثِ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ : ((إِنَّمَا نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ لُحُومِ الأَضَاحِيِّ لِجَهْدِ النَّاسِ ، ثُمَّ رَخَّصَ فِيهَا))[٧١].

---

[٦٦] الفتح : (١٠ / ٣٤).

[٦٧] صحيح البخاري رقم : (٥٤٢٣).

[٦٨] الفتح : (١٠ / ٣٤).

[٦٩] صحيح مسلم رقم : (١٩٧١).

[٧٠] صحيح سنن الترمذي رقم : (١٥١٠).

[٧١] صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٣١٥٩) .

وعند البخاري مِنْ حَديثِ سَلَمَةَ بْنِ الأَكْوَعِ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) : ((مَنْ ضَحَّى مِنْكُمْ فَلاَ يُصْبِحَنَّ بَعْدَ ثَالِثَةٍ وَفِي بَيْتِهِ مِنْهُ شَيْءٌ ، فَلَمَّا كَانَ الْعَامُ الْمُقْبِلُ قَالُوا : يَا رَسُولَ اللَّهِ نَفْعَلُ كَمَا فَعَلْنَا عَامَ الْمَاضِتِي ؟ قَالَ : كُلُوا وَأَطْعِمُوا وَادَّخِرُوا ، فَإِنَّ ذَلِكَ الْعَامَ كَانَ بِالنَّاسِ جَهْدٌ فَأَرَدْتُ أَنْ تُعِينُوا فِيهَا))[٧٢].

قال النووي : (وَالْجَهْدُ – هُنَا – بِفَتْحِ الْجِيم : وَهُوَ الْمَشَقَّة وَالْفَاقَة) ، و "**تُعِينُوا**" تُعينوا مِنْ الْإِعَانَة) .

وعند مسلم : ((لاَ إِنَّ ذَاكَ عَامٌ كَانَ النَّاسُ فِيهِ بِجَهْدٍ فَأَرَدْتُ أَنْ يَفْشُوَ فِيهِمْ))[٧٣].

قال النووي : (" **يَفْشُو** " أَيْ يَشِيع لَحْم الْأَضَاحِي فِي النَّاس ، وَيَنْتَفِع بِهِ الْمُحْتَاجُونَ)[٧٤].

قلتُ : يظهر من مجموع هذه الروايات أنَّ المنع من ادخار لحوم الأضاحي فوق ثلاث كان من أجل حاجة الناس ومجاعة الفقراء ومن أجل مَنْ لم يضحِ من الناس مِمَّن لا سعة ولا طَولَ ولا قدرة لَهُ ، فأمر المضحينَ بالادخار لثلاثٍ والتصدق بما بَقِيَ ليُطعموا من لَمْ يُضحِ مِن أهل الحاجة والفقراء .

پوختەی ئەم ڕیوایەتانە ئەوە دەگەیەنێت کە قەدەغەکردنی هەڵگرتنی گۆشتی قوربانی زیاتر لە سێ ڕۆژ لە بەر پێویستی خەڵک بوو ، بۆ ئەوەی ئەوانەی قوربانیان کردووە - کە بەشێکی کەمی خەڵک بوون - گۆشتی قوربانیەکەیان ببەخشن و دابەشی بکەن بە سەر کەمدەست و هەژاراندا.

قال الإمام الشافعي رحمهُ الله : (فَإِذَا دَفَّتْ الدَّافَّةُ ثَبَتَ النَّهْي عَنْ إِمْسَاك لُحُوم الضَّحَايَا بَعْد ثَلَاثٍ ، وَإِنْ لَمْ تَدُفَّ دَافَّة فَالرُّخْصَة ثَابِتَةٌ بِالْأَكْلِ وَالتَّزَوُّد وَالِادِّخَار وَالصَّدَقَة)[٧٥].

واتە : لە کاتی پێویستیدا دروست نییە گۆشتی قوربانی هەڵبگیرێت زیاتر لە سێ ڕۆژ ، بەڵام ئەگەر خەڵک موحتاج نەبوون ئەوا ڕوخسەت هەیە لێی بخۆن و لێی هەڵبگرن و لێی ببەخشن.

بەڵام هەندێك لە زانایان بۆچوونیان وایە کە لە هەموو کات و حاڵەتێکدا خاوەن قوربانی دەتوانێت لێی هەڵبگرێت.

قال الإمام الشافعي رحمه الله : (وَيَحْتَمِل أَنْ يَكُون النَّهْي عَنْ إِمْسَاك لُحُوم الْأَضَاحِيِّ بَعْد ثَلَاثٍ مَنْسُوخاً فِي كُلِّ حَالٍ)[٧٦].

---

[٧٢] صحيح البخاري رقم : (٥٥٦٩). [٧٣] صحيح مسلم رقم : (١٩٧٤).

[٧٤] شرح صحيح مسلم : (١٣ / ١٢) ، و انظر " فتح الباري " : (١٠ / ٣٣).

[٧٥] الفتح : (١٠ / ٣٦) نقله الحافظ من " الرسالة " للإمام الشافعي.

واتە: لەوانەیە قەدەغەکردنی هەڵگرتنی گۆشتی قوربانی دوای سێ ڕۆژ هەڵوەشێنراو (منسوخ) بێت لە هەموو حاڵەتێکدا.

وقال النووي : (وَالصَّحِيحُ نَسْخُ النَّهْي مُطْلَقاً ، وَأَنَّهُ لَمْ يَبْقَ تَحْرِيم وَلَا كَرَاهَة ، فَيُبَاحُ الْيَوْم الِادِّخَارُ فَوْقَ ثَلَاثٍ وَالْأَكْلُ إِلَى مَتَى شَاءَ لِصَرِيحِ حَدِيث بُرَيْدَةَ وَغَيْره وَاللَّهُ أَعْلَم)[٧٧].

عَنْ بُرَيْدَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((نَهَيْتُكُمْ عَنْ لُحُومِ الأَضَاحِيِّ فَوْقَ ثَلاَثٍ فَأَمْسِكُوا مَا بَدَا لَكُمْ))[٧٨].

واتە: من قەدەغەم کردبوو گۆشتی قوربانی زیاتر لە سێ ڕۆژ هەڵبگرن ، بەڵام ئێستا هەڵی بگرن تا چەندێك دەتانەوێت.

وقال الحافظ : (قَوْله : "مَا فَعَلَهُ إِلاَّ فِي عَامٍ جَاعَ النَّاسُ فِيهِ ، فَأَرَادَ أَنْ يُطْعِمَ الْغَنِيُّ الْفَقِيرَ" ، بَيَّنَتْ عَائِشَة فِي هَذَا الْحَدِيث أَنَّ النَّهْي عَنْ اِدِّخَار لُحُوم الْأَضَاحِيِّ بَعْد ثَلَاث نُسِخَ ، وَأَنَّ سَبَبَ النَّهْي كَانَ خَاصًّا بِذَلِكَ الْعَام لِلْعِلَّةِ الَّتِي ذَكَرَتْهَا)[٧٩].

قلتُ : لكنَّ الراجح هو الرأي القائل بمنع الإدخار فوق ثلاث عند قلة المضحين وكثرة الناس المحتاجين ، وذلك لأَنَّهُ لا يُصارُ إلى النسخِ إلاَّ عند تعذر الجمع كما تَقَرَّرَ في علم الأُصُول ، والجمع هُنا ممكن ، بل صريح الروايات المتقدمة دليلٌ واضحٌ على هذا واللهُ أعلم .

*** سوننەتە خاوەنی قوربانی خۆی سەری ببڕێت (يُستحب للمضحي أن يذبح الأضحية بنفسه):**

سوننەتە خاوەنی قوربانی خۆی هەڵسێت بە سەربڕینی قوربانیەکەی ئەگەر تواناو شارەزایی هەبوو لەسەر ووڵاخ و ئاژەڵ سەربڕین چونکە پێغەمبەر (ﷺ) خۆی قوربانی خۆی سەردەبڕی .

عَنْ أَنَسٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((ضَحَّى النَّبِيُّ (ﷺ) بِكَبْشَيْنِ أَمْلَحَيْنِ ، فَرَأَيْتُهُ وَاضِعاً قَدَمَهُ عَلَى صِفَاحِهِمَا يُسَمِّي وَيُكَبِّرُ ، **فَذَبَحَهُمَا بِيَدِهِ**))[٨٠].

---

[٧٦] المصدر السابق.

[٧٧] شرح صحيح مسلم : (١٣ / ١٠٩) ، وانظر : " المجموع شرح المهذب " : (٨ / ٣١٠).

[٧٨] صحيح مسلم رقم : (١٩٧٧).

[٧٩] الفتح : (٩ / ٦٨٤).

[٨٠] صحيح البخاري رقم : (٥٥٥٨) ، وصحيح مسلم رقم : (١٩٦٦).

واتە : پێغەمبەر (ﷺ) دوو بەرانی سپی و ڕەشی کرد بە قوربانی ، جا بینیم پێی خستبووە سەر لای ملی هەردوکیان و دەیوت : (بِسْمِ اللَّهِ وَاللَّهُ أَكْبَر) **، ئەنجا بە دەستی خۆی هەردووکیانی سەربڕی .**

قال الحافظ : (وَفِيهِ اِسْتِحْبَابُ مُبَاشَرَةُ الْمُضَحِّي الذَّبْحَ بِنَفْسِهِ)[٨١] .

وە دروستە ئافرەتیش خۆی قوربانیەکەی خۆی سەربڕێت ئەگەر توانا و شارەزایی هەبوو .

أخرج البخاري معلقاً في " صحيحه " : (وَأَمَرَ أَبُو مُوسَى بَنَاتَهُ أَنْ يُضَحِّينَ بِأَيْدِيهِنَّ) ، ثُمَّ أورده الحافظ في "الفتح " موصولاً عن الْمُسَيَّبِ بْنِ رَافِعٍ : "أَنَّ أَبَا مُوسَى الْأَشْعَرِيَّ كَانَ يَأْمُرُ بَنَاتَهُ أَنْ يَذْبَحْنَ نَسَائِكهنَّ بِأَيْدِيهِنَّ"[٨٢].

واتە: أبو موسى فەرمانی کرد بە کچەکانی کە خۆیان بەدەستی خۆیان قوربانیەکانیان سەربڕن .

وە دروستیشە کەسێکی تر لە جیاتی خاوەن قوربانی قوربانیەکەی سەربڕێت ئەگەر خۆی سەری نەبڕێت.

وَعَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ : ((ضَحَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ أَزْوَاجِهِ بِالْبَقَرِ))[٨٣].

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) مانگایەکی قوربانی سەربڕی لە جیاتی خێزانەکانی.

وە ئەگەر خاوەن قوربانی خۆی سەربڕی دروستە کەسێکی تریش یارمەتی بدات.

أخرج البخاري في "صحيحه" معلقاً : (وَأَعَانَ رَجُلٌ ابْنَ عُمَرَ فِي بَدَنَتِهِ)[٨٤].

واتە: پیاوێك یارمەتی (عبد الله)**ی کوڕی عومەری دا لە کاتی سەربڕینی قوربانیەکەیدا.**

قال الحافظ بعد إيراده قصة ابن عمر موصولةً : (وَجَاءَ فِي نَحْو قِصَّة اِبْن عُمَر حَدِيث مَرْفُوع أَخْرَجَهُ أَحْمَد مِنْ حَدِيث رَجُل مِنْ الْأَنْصَار : "أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) أَضْجَعَ أُضْحِيَّته فَقَالَ : أَعِنِّي عَلَى أُضْحِيَّتِي ، فَأَعَانَهُ")[٨٥].

واتە : پێغەمبەر (ﷺ) قوربانیەکەیی خست بە لادا و وتی بە پیاوێکی ئەنصاری یارمەتیم بدە لە سەربڕینی قوربانیەکەمدا ، ئەویش یارمەتیی دا.

---

[٨١] الفتح : (١٠ / ١٥).
[٨٢] الفتح : (١٠ /٢٤ . ٢٥).
[٨٣] صحيح البخاري رقم : (٥٥٤٨).
[٨٤] الفتح : (١٠ / ٢٤).
[٨٥] الفتح : (١٠ / ٢٥).

*** سوننەتە قوربانی لە نوێژگە (مُصلی)دا سەربڕێت (يستحب الذبح بالمصلى):**

سوننەتە قوربانی لە نوێژگە (مُصَلَّى)دا سەربڕێت واتە لە ئەو شوێنەی کە نوێژی جەژنی تێدا دەکرێت لە دەرەوەی مزگەوت لە دەوربەری شار .

عَنْ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنهما) قَالَ : ((كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَذْبَحُ وَيَنْحَرُ بِالْمُصَلَّى))[٨٦].

وعند أبي داود : ((أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يَذْبَحُ أُضْحِيَتَهُ بِالْمُصَلَّى ، وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ يَفْعَلُهُ))[٨٧].

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) قوربانییەکەیی لە (مُصَلَّى)دا سەردەبڕی ، وە (ابن عمر)**یش وای دەکرد.**

---

[٨٦] صحيح البخاري رقم : (٥٥٥٢).

[٨٧] صحيح أبي داود رقم : (٢٨١١).

چۆنیێتی سەربڕینی قوربانی و پاك كردنی

(كيفية ذبح الأضحية وسلخها)

سوننەتە نەو كەسەی قوربانی سەردەبڕێت نەم نادابانە پەیڕەو بكات:

١ ـ تیژ كردنی چەقۆ و چاك سەربڕینی (إحداد السكين و إحسان الذبح):

پێویستە (واجب)ە بە شێوەیەكی چاك و بە پەلە و بە چەقۆیەكی زۆر تیژ قوربانیەكە سەربڕێت .

عَنْ شَدَّادِ بْنِ أَوْسٍ (رضي الله عنه) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((إِنَّ اللَّهَ كَتَبَ الإِحْسَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ ، فَإِذَا قَتَلْتُمْ فَأَحْسِنُوا الْقِتْلَةَ ، وَإِذَا ذَبَحْتُمْ فَأَحْسِنُوا الذِّبْحَ ، وَلْيُحِدَّ أَحَدُكُمْ شَفْرَتَهُ وَلْيُرِحْ ذَبِيحَتَهُ))[٨٨] .

واتە: خوای گەورە چاكەكاری لەسەر هەموو شتێك (واجب) كردووە ، جا ئەگەر شتێكتان كوشت ئەوا چاك بیكوژن ، وە ئەگەر شتێكتان سەربڕی ئەوا چاك سەربڕن ، وە با یەكێك لە ئێوە چەقۆكەی تیژ بكات ، وە سەربڕاوەكەی نجات بدات بۆ ئەوەی پشوبدات .

وە پێغەمبەر (ﷺ) لە كاتی سەربڕینی قوربانیەكەیدا بە دایكە عائیشەی فەرموو : ((يَا عَائِشَةُ هَلُمِّي الْمُدْيَةَ)) ، ثُمَّ قَالَ : ((اشْحَذِيهَا بِحَجَرٍ))[٨٩] .

واتە : ئەی عائیشە چەقۆكەم بۆ بێنە ، وە تیژی بكە بە بەردێك.

٢ ـ دەبێت حەیوانی قوربانییەكە بە جوانی ببات بۆ شوێنی سەربڕینی و ئازاری نەدات (أن يسوق الأضحية إلى محل الذبح سوقاً جميلاً لا عنيفاً)[٩٠] :

عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ سِيرِينَ : ((رَأَى عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ (رضي الله عنه) رَجُلاً يَسْحَبُ شَاةً بِرِجْلِهَا لِيَذْبَحَهَا ، فَقَالَ لَهُ : وَيْلَكَ ! قِدْها إِلَى الْمَوْتِ قَوْداً جَمِيلاً))[٩١] .

---

[٨٨] صحيح مسلم رقم : (١٩٥٥) وصحيح سنن الترمذي رقم : (١٤٠٩).

[٨٩] صحيح مسلم رقم : (٥٠٦٤).

فائدة : (قَوْلُهُ : "الْمُدْيَة" هِيَ السِّكِّينُ ، قَوْلُهُ : "اشْحَذِيهَا" أَيْ : حَدِّدِيهَا) انظر نيل الأوطار : ( ).

[٩٠] المجموع : (٩ / ٨١) ، وبدائع الصنائع : (٤ / ٢١٩) .

واتە : عومەری کوڕی خەتتاب (رضي الله عنه) پیاوێکی بینی پەی شەکێکی ڕادەکێشا بۆ ئەوەی سەربیبڕێت جا پەی فەرموو : دەك تیابچیت ! بە شێوازێکی جوان بیبە بۆ مردن .

٣ ـ چۆنیێتی سەربڕینی حەیوانەکە (كيفية النحر و الذبح):

ئەگەر قوربانیەکە وشتر بوو ئەوا بە پێوە لەسەر هەردوو قاچی و دەستی ڕاستی دەوەستێنرێت و دەستی چەپی بە پەتێك (حەبلێك) دەبەسترێتەوە ، ئەنجا چەقۆکە دەکرێت بە ژێر ملیدا لە نزیك قورگیەوە بۆ ئەوەی بە لادا بکەوێت ، ئەنجا سەریدەبڕێت.

عَنِ زِيَادِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ : ((رَأَيْتُ ابْنَ عُمَرَ (رضي الله عنهما) أَتَى عَلَى رَجُلٍ ، قَدْ أَنَاخَ بَدَنَتَهُ يَنْحَرُهَا ، قَالَ : ابْعَثْهَا قِيَامًا مُقَيَّدَةً ، سُنَّةَ مُحَمَّدٍ ﷺ))[٩٢].

واتە: (عبد الله)ی کوڕی (عمر) دای بە لای پیاوێکدا وشترەکەی دانیشاندبوو لەسەر زەوی بۆ ئەوەی سەربیبڕێت ، پێی وت : هەڵیسێنە بە پێوە و بە دەست بەستراوی سەربیبڕە لەسەر سوننەتی محمد (ﷺ).

وە ئەگەر گا [٩٣] یان مەڕ و بزن بوو ئەوا دەیخات بە لای چەپدا و قاچی دەخاتە سەر لای ملی ڕاستی حەیوانەکە و بە دەستی چەپی سەری دەگرێت و بە دەستی ڕاستی سەری دەبڕێت .

قَالَ : ((أَنَّ ابْنَ عُمَرَ (رضي الله عنهما) كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَذْبَحُ وَيَنْحَرُ بِالْمُصَلَّى))[٩٤].

کەواتە: (ذبح) بۆ جگە لە وشترە ، وە (نحر) بۆ سەربڕینی وشترە.

قال الصنعاني : (وَاعْلَمْ أَنَّهُ تَكُونُ الذَّكَاةُ بِالنَّحْرِ لِلْإِبِلِ ، وَهُوَ الضَّرْبُ بِالْحَدِيدِ فِي لَبَّةِ الْبَدَنَةِ حَتَّى يُفْرَى أَوْدَاجُهَا وَاللَّبَّةُ : مَوْضِعُ الْقِلَادَةِ فِي الصَّدْرِ ، وَالذَّبْحُ لِمَا عَدَاهَا : وَهُوَ قَطْعُ الْأَوْدَاجِ أَيْ الْوَدَجَيْنِ وَهُمَا عِرْقَانِ مُحِيطَانِ بِالْحُلْقُومِ ، فَقَوْلُهُمْ : الْأَوْدَاجُ تَغْلِيبٌ عَلَى الْحُلْقُومِ وَالْمَرِيءِ فَسُمِّيَتْ الْأَرْبَعَةُ أَوْدَاجًا)[٩٥].

---

[٩١] رواه عبد الرزاق بسنده في المصنف : (٤ / ٤٩٣) ، ورواه البيهقي في سننه : (٩ / ٢٨١) ، وذكره الشيخ الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة : (١ / ٦٨) ، وفي رواية : ((فَضَرَبَهُ بِالدِّرَّةِ ، وَقَالَ : سُقْهَا ـ لاَ أُمَّ لَكَ . إِلَى الْمَوْتِ سَوْقًا جَمِيلاً)) واتە : بە هۆی ئەوەوە عومەر دایلێی بە تووڵەدار ، و پێی فەرموو : دەك دایکت نەمێنێت بیبە بۆ مردن بە جوانی .

[٩٢] صحيح البخاري رقم : (١٧١٣) ، وانظر : " الفتح " : (٣ /٦٩٩) ، و " نيل الأوطار " : (٥ /١٢٣).

[٩٣] انظر " الفتح " : (٣ /٦٩٥) شرح الحديث رقم : (٧٠٩) .

[٩٤] صحيح البخاري رقم : (٥٥٥٢) .

[٩٥] سبل السلام : (٤ /١٨٢).

وقال الحافظ في شرح قول أنس (رضي الله عنه) : ((فَرَأَيْتُهُ وَاضِعاً قَدَمَهُ عَلَى صِفَاحِهِمَا)) : (فِيهِ اِسْتِحْبَابُ التَّكْبِيرِ مَعَ التَّسْمِيَةِ ، وَاسْتِحْبَابُ وَضْعِ الرِّجْلِ عَلَى صَفْحَة عُنُق الْأُضْحِيَّة الْأَيْمَن ، وَاتَّفَقُوا عَلَى أَنَّ إِضْجَاعهَا يَكُون عَلَى الْجَانِب الْأَيْسَر ، فَيَضَعُ رِجْلَهُ عَلَى الْجَانِبِ الْأَيْمَنِ لِيَكُونَ أَسْهَلَ عَلَى الذَّابِحِ فِي أَخْذِ السِّكِّينِ بِالْيَمِينِ وَإِمْسَاكِ رَأْسِهَا بِيَدِهِ الْيَسَار)[٩٦].

واتە : ... ، سوننەتە قاچی بخاتە سەر لای ملی ڕاستی حەیوانەکە ، وە زانایان یەکڕان لەسەر ئەوەی کەوا بخرێت بە لای چەپدا ، جا قاچی دەخاتە سەر لای ملی ڕاستی حەیوانەکە بۆ ئەوەی ئاسانتر بێت بۆ قەصابەکە تاوەکو چەقۆکە بە دەستی ڕاستی بگرێت و سەری حەیوانەکەش بە دەستی چەپی بگرێت و بە دەستی ڕاستی سەرید ەبڕێت.

٤ ـ وتنی : (بسم الله و الله أكبر) :

(واجب)ە لەسەر ئەو کەسەی شتێك سەردەبڕێت لە کاتی سەربڕینیدا بڵێت: (بِسْمِ اللَّهِ) ، بەڵام لە کاتی سەربڕینی قوربانیدا سوننەتە دوای وتنی : (بِسْمِ اللَّهِ) بڵێت : (وَاللَّهُ أَكْبَر) ، واتە : دەڵێت : (بِسْمِ اللَّهِ وَاللَّهُ أَكْبَر).

عَنْ أَنَسٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((ضَحَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِكَبْشَيْنِ أَمْلَحَيْنِ أَقْرَنَيْنِ ، وَرَأَيْتُهُ يَذْبَحُهُمَا بِيَدِهِ وَرَأَيْتُهُ وَاضِعاً قَدَمَهُ عَلَى صِفَاحِهِمَا ، [وَيَقُولُ : بِاسْمِ اللَّهِ وَاللَّهُ أَكْبَرُ]))[٩٧].

قال الحافظ : (وَفِي الْحَدِيث : مَشْرُوعِيَّةُ التَّسْمِيَة عِنْد الذَّبْح ، وَقَدْ تَقَدَّمَ فِي الذَّبَائِح بَيَان مَنْ اِشْتَرَطَهَا فِي صِفَة الذَّبْح ، **وَفِيهِ اِسْتِحْبَابُ التَّكْبِيرِ مَعَ التَّسْمِيَة**)[٩٨].

واتە : سوننەت وایە لەگەڵ (بِسْمِ اللَّهِ)**دا بڵێیت** (وَاللَّهُ أَكْبَر) .

وقال الصنعاني : (.. وَأَمَّا التَّكْبِيرُ فَكَأَنَّهُ خَاصٌّ بِالتَّضْحِيَةِ وَالْهَدْيِ لِقَوْلِهِ تَعَالَى : ﴿لِتُكَبِّرُوا۟ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمْ﴾ [الحج : (٣٧)])[٩٩].

---

[٩٦] الفتح : (١٠ /٢٤).

[٩٧] صحيح البخاري رقم : (٥٥٥٨)، وصحيح مسلم رقم : (١٩٦٦) و (١٩٩٩) واللفظ لهُ.

[٩٨] الفتح : (١٠ /٢٤) ، وانظر: (٩ /٧٧٢) و (٩ /٧٨٠) منهُ أيضاً.

[٩٩] سبل السلام : (٤ /١٨٩).

[١٠٠] صحيح مسلم رقم : (١٩٦٧).

وە دوای وتنی (بِسْمِ اللَّهِ وَاللَّهُ أَكْبَر) کە (واجب)ـە ، سوننەتیش وایە بڵێت : (اللهُمَّ تَقبَّلْ مِنِّي) [100].

٥ ـ رووکردنی حەیوانەکە لە قیبلە لە کاتی سەر بڕیندا :

قال الإمام الألباني : (ويذبحها مستقبلاً بها القبلة ، فيه حديث مرفوع عن جابر وغيره ، مُخَرَّجٌ في "الإرواء" : (١١٣٨) ، وآخر عند البيهقي: (٩ /٢٨٥) ، ورُوِيَ عن ابن عمر " أَنَّهُ كان يستحب أن يستقبل القبلة إذا ذبح" ، ورَوَى عبد الرزاق : (٨٥٨٥) بإسنادٍ صحيح عنهُ : " أَنَّهُ كَانَ يَكْرَهُ أَنْ يَأْكُلَ ذَبِيحَةً ذُبِيحَت لِغَيْرِ الْقِبْلَةِ "[101].

واتە : ابن عمر پێی خۆش بوو لـە کـاتی سـەربڕیندا ڕوو لـە قیبلـە بکـات ، وە پـێی نـاخۆش بـوو لـە سەربڕاوێك بخوات کە لە کاتی سەربڕینیدا ڕووی لە قیبلە نەکرابێت.

٦ ـ چۆنیەتی پاك کردنی (كيفية سلخ الأضحية) :

عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الخُدْرِيِّ (ﷺ) : ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) مَرَّ بِغُلاَمٍ يَسْلُخُ شَاةً ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ : تَنَحَّ حَتَّى أُرِيَكَ ، فَأَدْخَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَدَهُ بَيْنَ الجِلْدِ وَاللَّحْمِ فَدَحَسَ بِهَا حَتَّى تَوَارَتْ إِلَى الإِبْطِ ، وَقَالَ : يَا غُلاَمُ هَكَذَا فَاسْلُخْ ، ثُمَّ مَضَى وَصَلَّى لِلنَّاسِ وَلَمْ يَتَوَضَّأْ))[102].

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دای بە لای لاوێکدا مەڕێکی پێست دەگرتەوە و پاکی دەکرد ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: خۆت بدەرە لا تا پێشانت بدەم ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی کرد بـە نێـوان پێست و گۆشتەکەدا ، وە دەستی کردە ژوورەوە هەتا بن باڵی ، ئـەنجا فـەرمووی : ئـەی لاو بـەم شـێوازە پێست بگرەوە ، ئەنجا ڕۆیشت و نوێژی کرد بۆ خەڵك و دەست نوێژی نەگرت .

*** چی حەیوانێك چاکە بکرێتە قوربـانی (ماذا يفضل في الأضحية) ؟ :**

١ ـ مەڕ چاك تـرە (الضأن أفضل في الأضحية) :

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ : ((كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يُضَحِّي بِكَبْشَيْنِ ، وَأَنَا أُضَحِّي بِكَبْشَيْنِ))[103].

---

[101] مناسك الحج والعمرة في الكتاب والسنة وآثار السلف للألباني رحمه الله ، ص: (٣٥) .

فائـدة : وحديث جابر الذي أشار إليه بقوله : [فيه حديث مرفوع عن جابر وغيره ، مُخَرَّجٌ في "الإرواء" : (١١٣٨) ، وآخر عند البيهقي: (٩ /٢٨٥)] حديث ضعيف ضعفهُ الإمام الألباني نفسه رحمه الله كما بينتهُ في نهاية هذا البحث ص : (٦٩) .

[102] صحيح أبي داود رقم : (١٧٨) ، وصحيح ابن سنن ماجه رقم : (٢٥٩٢).

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) دوو بەرانی دەکرد بە قوربانی ، وە منیش دوو بەران دەکەم بە قوربانی.

قال الحافظ : (كَانَ أَنَس يُضَحِّي بِكَبْشَيْنِ لِلاتِّبَاعِ ، وَفِيهِ إِشْعَارٌ بِالْمُدَاوَمَةِ عَلَى ذَلِكَ ، فَتَمَسَّكَ بِهِ مَنْ قَالَ الضَّأْنُ فِي الْأُضْحِيَّة أَفْضَل)[١٠٤].

وە هەنێك لە زانایان بۆچوونیان وایە کە وشتر چاکترە ئەنجا مانگا ئەنجا مەڕ ، وە بەڵگەشیان ئەم فەمووەدەیە:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((مَنِ اغْتَسَلَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ غُسْلَ الْجَنَابَةِ ثُمَّ رَاحَ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَدَنَةً ، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الثَّانِيَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَقَرَةً ، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الثَّالِثَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ كَبْشًا أَقْرَنَ ...)) الحديث[١٠٥].

واتە : هەر کەسێك ڕۆژی جومعە خۆی بشوات وەکو چۆن خۆی دەشوات بۆ هەڵگرتنی لەش گرانی ئەنجا بچێت بۆ مزگەوت ئەوە وەکو ئەوە وایە کە وشترێکی کردبێت بە قوربانی ، وە هەر کەسێك لە سەعاتی دووەمدا بچێت ئەوە وەکو ئەوە وایە کە مانگایەکی کردبێت بە قوربانی ، وە هەر کەسێك لە سەعاتی سێیەمدا بچێت ئەوە وەکو ئەوە وایە کە بەرانێکی کردبێت بە قوربانی ...

٢ ـ چاك تر وایە نێر بێت (الذكر أفضل):

چاکتر وایە وواڵاخ و ئاژەڵی قوربانی نێر بێت.

قال الحافظ في شرح حديث أنس (رضي الله عنه) : (وَفِيهِ أَنَّ الذَّكَرَ فِي الْأُضْحِيَّة أَفْضَلُ مِنْ الْأُنْثَى وَهُوَ قَوْلُ أَحْمَد ... وَقَالَ اِبْن الْعَرَبِيُّ : الْأَصَحُّ أَفْضَلِيَّةُ الذُّكُورِ عَلَى الْإِنَاثِ فِي الضَّحَايَا)[١٠٦].

٣ ـ چاك تر وایە دوو بەران بێت:

قال الحافظ : (وَالْحَدِيثُ دَالٌّ عَلَى اِخْتِيَارِ التَّثْنِيَة)[١٠٧].

واتە : فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر هەڵبژاردنی دووان.

---

[١٠٣] صحيح البخاري رقم : (٥٥٥٣).

[١٠٤] الفتح : (١٠ /١٤) ، وانظر : " السيل الجرار " : (٣ /٢٤٦).

[١٠٥] صحيح البخاري رقم : (٨٨١) ، وصحيح مسلم رقم : (٨٥٠) .

[١٠٦] الفتح : (١٠ /١٥) ، وانظر : "المجموع" : (٨ /٢٩٠).

[١٠٧] الفتح : (١٠ /١٥).

وقال أيضاً : (... فَمَنْ ذَبَحَ وَاحِدَة أَجْزَأَتْ عَنْهُ وَمَنْ زَادَ فَهُوَ خَيْر ، وَالْأَفْضَلُ الِاتِّبَاعُ فِي الْأُضْحِيَّةِ بِكَبْشَيْنِ)[١٠٨].

واتە: هەر کەسێ یەک دانە سەربڕێت ئەوا قوربانی لەسەر دەکەوێت وە هەر کەسێک زیاتر بکات ئەوە چاکترە ، وە چاکتر وایە بۆ شوێن کەوتنی پێغەمبەر (ﷺ) دوو بەران بکڕێت بە قوربانی.

وقال أيضاً : (وَاسْتُدِلَّ بِهِ عَلَى اِخْتِيَار الْعَدَد فِي الْأُضْحِيَّة ، وَمِنْ ثَمَّ قَالَ الشَّافِعِيَّة : **إِنَّ الْأُضْحِيَّةَ بِسَبْعِ شِيَاهٍ أَفْضَلُ مِنْ الْبَعِيرِ لِأَنَّ الدَّم الْمُرَاق فِيهَا أَكْثَر وَالثَّوَاب يَزِيد بِحَسْبِهِ**)[١٠٩].

٤ ـ وە چاک تر وایە شاخدار بێت (الأقرن أفضل):

عَنْ أَنَسٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((ضَحَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِكَبْشَيْنِ أَمْلَحَيْنِ أَقْرَنَيْنِ ...))[١١٠].

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوو بەرانی سپی و ڕەشی شاخداری کرد بە قوربانی.

قال الحافظ : (**وَفِيهِ اِسْتِحْبَابُ التَّضْحِيَة بِالْأَقْرَنِ** وَأَنَّهُ أَفْضَل مِنْ الْأَجَمِّ مَعَ الِاتِّفَاق عَلَى جَوَاز التَّضْحِيَة بِالْأَجَمِّ وَهُوَ الَّذِي لَا قَرْنَ لَهُ)[١١١].

٥ ـ وە چاک تر وایە قەڵەو بێت (السمين أفضل):

قال النووي: (وأجمع العلماء على استحباب السمين في الأضحية)[١١٢].

واتە: زانایان یەک دەنگن لەسەر ئەوەی کە سوننەتە حەیوانی قوربانی قەڵەو بێت .

عَنْ أَبِي أُمَامَةَ بْنِ سَهْلٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((كُنَّا نُسَمِّنُ الْأُضْحِيَّةَ بِالْمَدِينَةِ ، وَكَانَ الْمُسْلِمُونَ يُسَمِّنُونَ))[١١٣].

واتە: ئێمە حەیوانی قوربانیمان قەڵەو دەکرد لە مەدینەدا ، وە موسوڵمانانیش حەیوانی قوربانیان قەڵەو دەکرد .

---

[١٠٨] الفتح : (١٠ /١٦).
[١٠٩] الفتح : (١٠ /١٤) ، وانظر "المجموع " : (٨ /٢٩٠).
[١١٠] صحيح البخاري رقم : (٥٥٥٤)، وصحيح مسلم رقم : (١٩٦٦).
[١١١] الفتح : (١٠ / ١٥).
[١١٢] المجموع : (٨ /٢٩٠).
[١١٣] أخرجهُ البخاري مُعلقاً كما في " الفتح " : (١٣/١٠).

وَعَنْ عَائِشَةَ وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنهما) : ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ إِذَا أَرَادَ أَنْ يُضَحِّيَ اشْتَرَى كَبْشَيْنِ **عَظِيمَيْنِ سَمِينَيْنِ** أَقْرَنَيْنِ أَمْلَحَيْنِ مَوْجُوءَيْنِ ، فَذَبَحَ أَحَدَهُمَا عَنْ أُمَّتِهِ لِمَنْ شَهِدَ لِلَّهِ بِالتَّوْحِيدِ وَشَهِدَ لَهُ بِالْبَلاَغِ ، وَذَبَحَ الآخَرَ عَنْ

مُحَمَّدٍ وَعَنْ آلِ مُحَمَّدٍ ﷺ))[١١٤].

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر بیویستایە قوربانی بکات دوو بەرانی گەورەی قەڵەوی شاخداری سپی و ڕەشی خەسێنراوی دەکڕی ، جا یەکێکیانی سەربڕی لە جیاتی ئوممەتەکەی بۆ ئەوانەی کە شایەتی یەکخواپەرستی دەدەن بۆ خوا و شایەتی گەیاندنی دینیش دەدەن بۆ خۆی ، وە ئەوەی تریانی سەربڕی بۆ خۆی و خێزانی (مُحَمَّدٍ ﷺ) .

قال الشوكاني: (قَوْلُهُ : "سَمِينَيْنِ" فِيهِ اسْتِحْبَابُ التَّضْحِيَةِ بِالسَّمِينِ)[١١٥].

وە ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دروستە حەیوانی خەسێنراویش بکرێت بە قوربانی.

قال الحافظ : (قَالَ الْخَطَّابِيُّ : الْمَوْجُوءُ : مَنْزُوع الْأُنْثَيَيْنِ ، وَالْوِجَاء الْخِصَاء ، وَفِيهِ جَوَاز الْخَصِيِّ فِي الضَّحِيَّة ، وَقَدْ كَرِهَهُ بَعْض أَهْل الْعِلْم لِتَنَقُّصِ الْعُضْو ، لَكِنْ لَيْسَ هَذَا عَيْبًا لِأَنَّ الْخِصَاء يُفِيد اللَّحْم طِيبًا وَيَنْفِي عَنْهُ الزُّهُومَة وَسُوء الرَّائِحَة)[١١٦].

واتە: دروستە حەیوانی خەسێنراو بکرێت بە قوربانی ، وە هەندێك لە زانایان بە چاکیان نەزانیوە چوونکە کەم ئەندامە ، بەڵام ئەمە بە عەیب ناژمێردرێت چونکە خەساندن سوود بە گۆشتەکە دەگەیەنێت کە خۆش دەبێت و بۆنە گەنیوە ناخۆشەکەی نامێنێت.

٦ ـ چ ڕەنگێك چاك تره (أي لون أفضل)؟:

چاك وایە حەیوانی قوربانی ڕەنگی جوان و چاك بێت وەك لەم فەرموودانەی خوارەوەدا هاتووە :

أ / عَنْ أَنَسٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((ضَحَّى النَّبِيُّ (ﷺ) بِكَبْشَيْنِ أَمْلَحَيْنِ ...)) [١١٧].

---

[١١٤] صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٢٥٤٨).

[١١٥] نيل الأوطار : (٥/ ١٢٠) ، وانظر: " المجموع " : (٨ /٢٩٠).

[١١٦] الفتح : (١٠ /١٤).

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) دوو بەرانی سپی و ڕەشی دەکرد بە قوربانی.

قال النووي : (وَأَمَّا قَوْله : "أَمْلَحَيْنِ" فَفِيهِ اِسْتِحْبَابُ اِسْتِحْسَان لَوْن الْأُضْحِيَّة ، وَقَدْ أَجْمَعُوا عَلَيْهِ)[118].

وقال الحافظ : (الْأَمْلَحُ هُوَ الَّذِي فِيهِ سَوَادٌ وَبَيَاضٌ ، وَالْبَيَاضُ أَكْثَر)[119].

واتە: سپی و ڕەش بێت بەڵام سپییاییەکەی زیاترە.

ب/ وَعَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ : ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَمَرَ بِكَبْشٍ أَقْرَنَ يَطَأُ فِي سَوَادٍ ، وَيَبْرُكُ فِي سَوَادٍ وَيَنْظُرُ فِي سَوَادٍ فَأُتِيَ بِهِ لِيُضَحِّيَ بِهِ ...))[120].

قال الحافظ : (قَالَ الْخَطَّابِيُّ : قَوْلهَا : "يَطَأ فِي سَوَاد ... إِلَخْ" تُرِيدُ أَنَّ أَظْلَافَهُ وَمَوَاضِعَ الْبُرُوكِ مِنْهُ وَمَا أَحَاطَ بِمَلَاحِظِ عَيْنَيْهِ مِنْ وَجْهه أَسْوَد ، وَسَائِر بَدَنِهِ أَبْيَض)[121].

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد بە بەرانێکی شاخدار کە سمەکانی و چۆکەکانی و دەوروبەری چاوی ڕەش بوو ، جا هێنایان بۆ ئەوەی بیکات بە قوربانی.

ج/ وَعَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ : ((ضَحَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِكَبْشٍ أَقْرَنَ فَحِيلٍ يَأْكُلُ فِي سَوَادٍ وَيَمْشِي فِي سَوَادٍ وَيَنْظُرُ فِي سَوَادٍ))[122].

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرانێکی شاخداری نێری تەواوی دەکرد بە قوربانی ، دەمی ڕەش بوو ، وە سمەکانی ڕەش بوو ، وە دەوری چاوی ڕەش بوو .

قال الحافظ في شرح حديث أنس (رضي الله عنه) : (وَاسْتُدِلَّ عَلَى مَشْرُوعِيَّة اِسْتِحْسَان الْأُضْحِيَّة صِفَةً وَلَوْنًا ، قَالَ الْمَاوَرْدِيُّ : إِنْ اِجْتَمَعَ حُسْنُ الْمَنْظَرِ مَعَ طِيبِ الْمَخْبَرِ فِي اللَّحْم فَهُوَ أَفْضَلُ ، وَإِنْ اِنْفَرَدَا فَطِيبُ الْمَخْبَرِ أَوْلَى مِنْ حُسْن الْمَنْظَر)[123].

---

[117] صحيح البخاري رقم : (٥٥٥٨) ، وصحيح مسلم رقم : (١٩٦٦) .

[118] شرح صحيح مسلم : (١٣/١٠١) .

[119] الفتح : (١٠ /١٤) ، وانظر: " النهاية في غريب الحديث " : (٤/٣٥٤) .

[120] صحيح مسلم رقم : (٥٠٦٤).

[121] الفتح : (١٠ /١٦).

[122] صحيح سنن الترمذي رقم : (١٤٩٦) ، وصحيح أبي داود رقم : (٢٧٩٦).

[123] الفتح : (١٠/١٥).

وقال ابن عباس (رضي الله عنه) في تفسير قوله تعالى : ﴿ ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ ﴾ : (تعظيمها : استسمانُها واستحسانُها)[١٢٤].

واتە : هەر کەسێك دروشمەکانی ئاینی خوا بە گەورە ڕاگرێت ـ وەك قوربانی ـ ئەوا بەشێکە لە خوا ترسانی دڵەکان ، وە گەورە ڕاگرتنی دروشمی قوربانی بەوەیە : قەڵەو و چاك بێت .

*** چەند حوکمێکی تری جیاواز (أحكام أخرى متفرقة):**

*** لا نەبردنی تووك و نینۆك:**

ئەگەر کەسێك ویستی وابوو قوربانی بکات ئەوا حەرامە لە تووکی هەموو لاشەی و نینۆکەکانی لابەرێت یان لێی بقرتێنێت و کەمی کاتەوە ، لە سەرەتای مانگی حاجییانەوە (ذو الحجة) تا ڕۆژی دەیەمی ئەو مانگە.

عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (رضي الله عنها) أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ : ((إِذَا دَخَلَتْ الْعَشْرُ وَأَرَادَ أَحَدُكُمْ أَنْ يُضَحِّيَ فَلا يَمَسُّ مِنْ شَعْرِهِ وَبَشَرِهِ شَيْئًا))[١٢٥].

واتە: ئەگەر دە ڕۆژی یەکەمی مانگی هات ، وە یەکێك لە ئێوە ویستی هەبوو قوربانی بکات ، ئەوا با هیچ لە تووك و پێستی نەکاتەوە.

وفي رواية : ((فَلاَ يَأْخُذَنَّ شَعْرًا وَلاَ يَقْلِمَنَّ ظُفُرًا)) .

واتە: با نە لەتووکی لا بەرێت و نە نینۆکی بقرتێنێت.

وفي رواية أخرى : ((فَلْيُمْسِكْ عَنْ شَعْرِهِ وَأَظْفَارِهِ)) .

واتە: با تووك و نینۆکی بگرێتەوە.

وقد استدل بعض الفقهاء بهذا الحديث على أنَّ (مَنْ دَخَلَتْ عَلَيْهِ عَشْرُ ذِي الْحِجَّة وَأَرَادَ أَنْ يُضَحِّيَ ... إِنَّهُ يَحْرُم عَلَيْهِ أَخْذُ شَيْءٍ مِنْ شَعْرِهِ وَأَظْفَارِهِ حَتَّى يُضَحِّيَ فِي وَقْتِ الْأُضْحِيَّةِ)[١٢٦].

---

[١٢٤] تفسير ابن كثير : (٥ /٢٣٨٥).

[١٢٥] صحيح مسلم رقم : (١٩٧٧).

[١٢٦] شرح صحيح مسلم : (١٣ /١١٦).

واتە : هەندێك لە زانایان ئەم فەرموودەیە دەکەنە بەڵگە لەسەر ئەوەی هەرکەسێك ویستی هەبوو قوربانی بکات ئەوا حەرامە لەسەری هیچ لە تووك و نینۆکی لا بەرێت هەتا قوربانی دەکات لە کاتی سەربڕینی قوربانیدا دوای ئەنجام دانی نوێژی جەژن.

وە ئیمامی (النووي) دەفەرموێت : (قَالَ أَصْحَابُنَا : وَالْمُرَادُ بِالنَّهْيِ عَنْ أَخْذِ الظُّفْرِ وَالشَّعْرِ النَّهْيُ عَنْ إِزَالَةِ الظُّفْرِ بِقَلَمٍ أَوْ كَسْرٍ أَوْ غَيْرِهِ ، وَالْمَنْعُ مِنْ إِزَالَةِ الشَّعْرِ بِحَلْقٍ أَوْ تَقْصِيرٍ أَوْ نَتْفٍ أَوْ إِحْرَاقٍ أَوْ أَخْذه بِنَوْرَةٍ أَوْ غَيْرِ ذَلِكَ ، وَسَوَاءٌ شَعْرُ الْإِبْطِ وَالشَّارِبِ وَالْعَانَةِ وَالرَّأْسِ ، وَغَيْرِ ذَلِكَ مِنْ شُعُورِ بَدَنِهِ)[١٢٧].

واتە: بە هیچ شێوازێك نابێت نینۆك و تووکی لاشەی لابەرێت ، وە تووکی بن باڵ و سمێڵ و پێشەوەی (بەری) و سەری و هەموو لاشەی وەك یەك نابێت لاببرێت و کەم بکرێتەوە.

* **قوربانی (واجب)ە لەسەر موسافر و ئافرەتیش:**

قال الإمام البخاري في "صحيحه": (**بَاب الْأُضْحِيَّةِ لِلْمُسَافِرِ وَالنِّسَاءِ**).

وقال الحافظ : (فِيهِ إِشَارَةٌ إِلَى خِلَافِ مَنْ قَالَ : إِنَّ الْمُسَافِرَ لَا أُضْحِيَّةَ عَلَيْهِ ... وَإِشَارَةٌ إِلَى خِلَافِ مَنْ قَالَ : إِنَّ النِّسَاءَ لَا أُضْحِيَّةَ عَلَيْهِنَّ)[١٢٨].

واتە : موسافر و ئافرەتیش قوربانی دەکەن ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەوانەی کە دەڵێن موسافیر و ئافرەت قوربانییان لەسەر نییە ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەفەردا لە جیاتی خێزانەکانی قوربانی کردووە.

عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ : ((.... فَلَمَّا كُنَّا بِمِنًى أُتِيتُ بِلَحْمِ بَقَرٍ ، فَقُلْتُ : مَا هَذَا ؟ قَالُوا : ضَحَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ أَزْوَاجِهِ بِالْبَقَرِ))[١٢٩].

واتە: کاتێك لە (مِنى) بووین ـ لە سەفەری حەجدا لە نزیك شاری مەککەدا ـ گۆشتی گایان بۆ هێنام و وتم : ئەمە چییە؟ وتیان: پێغەمبەری خوا (ﷺ) گایەکی کردووە بە قوربانی لە جیاتیی خێزانەکانی.

---

[١٢٧] شرح صحيح مسلم : (١٣ /١١٦).

[١٢٨] الفتح : (١٠/ ٨).

[١٢٩] صحيح البخاري رقم : (٥٥٤٨).

وقال أبو داود في "سننه": (**بابٌ فِي الْمُسَافِرِ يُضَحِّي**) عَنْ ثَوْبَانَ (رضي الله عنه) قَالَ : ((ضَحَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ثُمَّ قَالَ : يَا ثَوْبَانُ أَصْلِحْ لَنَا لَحْمَ هَذِهِ الشَّاةِ ، قَالَ : فَمَا زِلْتُ أُطْعِمُهُ مِنْهَا حَتَّى قَدِمْنَا الْمَدِينَةَ))[١٣٠].

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەفەرێکدا قوربانیی کرد ، ئەنجا فەرمووی: ئەی (ثَوبان) گۆشتی ئەم مەڕەمان بۆ چاك بكە ، (ثَوبان) وتی: جا منیش بەردەوام لەو گۆشتەم دەدا بە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ خواردن هەتا گەیشتینە شاری مەدینە.

* قوربانی بۆ مردوو ناکرێت ئەگەر وەصێتی نەکردبێت (لا تضحية عن الميت إنْ لم يوصي بها):

قوربانی کردن بۆ مردوو دەکرێت بە دوو بەشەوە :

١ ـ ئەگەر مردووەکە وەصێتی کردبێت بەوەی کەوا لە دوای مردنی قوربانی بۆ بکرێت : ئەوا وەصێتەکەی جێبەجێ دەکرێت .

٢ ـ ئەگەر مردووەکە وەصێتی نەکردبێت بەوەی کەوا لە دوای مردنی قوربانی بۆ بکرێت : ئەوا ئەمەشیان دەبێت بە دوو بەشەوە :

أ / ئەگەر قوربانییەکە بە سەربەخۆیی بۆ مردووەکە بکرێت بە تەنها :

ئەوا لەم حاڵەتەدا دروست نییە بکرێت چونکە کارێکی بیدعەیە و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەهاتووە وەك ئاماژەی پێدەکرێت .

قال الإمام النووي في " المنهاج " : (وَلَا تَضْحِيَةَ عَنْ مَيِّتٍ لَمْ يُوصِ بِهَا) ، وقال شارحهُ في "مغني المحتاج" : (لِقَوْلِهِ تَعَالَى : ﴿ وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴿٣٩﴾ ﴾ [سورة النجم] ، فَإِنْ أَوْصَى بِهَا جَازَ)[١٣١].

واتە : قوربانی بۆ مردوو ناکرێت ئەگەر وەصێتی نەکردبێت ، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴿٣٩﴾ ﴾ واتە : هیچ شتێك بە مرۆڤ ناگات ئیللا کردار و هەوڵی خۆی نەبێت ، وە ئەگەر وەصێتی کردبێت بەوەی کەوا قوربانی بۆ بکرێت ئەوا دەبێت بۆی بکەن .

وقال النووي في "المجموع": (وقال صاحب العدة والبغوي: **لا تصح الأضحية عن الميت إلاَّ أنْ يوصي بها** ، وبهِ قطع الرافعي في "المجرد" واللهُ أعلم)[١٣٢].

---

[١٣٠] صحيح أبي داود رقم : (٢٨١٤).

[١٣١] مغني المحتاج : (٤ / ٣٦٨).

ب / ئەگەر مردووەکە هاوبەشی بکرێت لە خێری ئەو قوربانییەی کەوا دەکرێت بۆ خێزانێک ئەوا دروستە وەک لەم وتەیەی زانای پایەبەرز شێخ (ابن العثيمين)دا ئاماژەی پێکراوە :

قال الشيخ ابن العثيمين : **(فإذا ضحى الرجل بالواحدة من الغنم الضأن أو المعز عنه وعن أهل بيته أجزأ عن كل من نواه من أهل بيته من حي وميت)**[١٣٣].

واتە : ئەگەر پیاوێک یەک شەک یان بزنێک بکات بە قوربانی لە جیاتی خۆی و خێزانەکەی ئەوە لەسەر هەموو ئەوانەی کە مەبەستێتی لەو خێزانە لە زیندو و مردووەوە دەکەوێت[١٣٤].

---

[١٣٢] المجموع : (٨ /٢٩٩).

[١٣٣] أحكام الأضحية والذكاة للشيخ ابن العثيمين.

[١٣٤] وقد ذكر الشيخ ابن العثيمين هذه المسألة في موضع آخر قائلاً : **(والأضحية ليست عن الأموات كما يفهمه العوام بل هي للأحياء !** وأما الأموات فليس من المشروع أن يُضحى لهم **استقلالاً** إلاَّ إنْ أوصوا به فعلى ما أوصوا به لأن ذلك لم يرد عن الرسول ﷺ) القول المفيد على كتاب التوحيد ص : (١٤٣) .

وقال في موضع آخر : (وأمَّا الأضحية عن الأموات فهي ثلاثة أقسام : القسم الأول : أن تكون تبعاً للأحياء ، كما لو ضحَّى الإنسانُ عن نفسهِ وأهله وفيهم أموات وقد كان النبي (ﷺ) يضحي ويقول : " **اللَّهُمَّ هَذَا عَنْ مُحَمَّدٍ وَآلِ مُحَمَّدٍ** " ، وفيهم من مات سابقاً ...) "الجامع لأحكام فقه السنة" : (٤ / ٢٧٩) .

فائدة لطلبة العلم : قال الشيخ عبد الله بن زيد آل محمود من علماء هذا العصر :

﴿(أما الأضحية عن الميت فإنه بمقتضى التتبع والاستقراء لكتب الصحاح والسنن والمسانيد والتفاسير والسير ، لم نَجد دليلاً صريحاً من كتاب الله ، ولا حديثاً صحيحاً عن رسول الله (ﷺ) يأمر بالأضحية عن الميت أو يشير إلى فضلها ووصول ثوابها إليه ولم ينقل أحد من الصحابة والتابعين أنَّهم كانوا يضحون لموتاهم ، ولم يذكر فعلها عن أحد منهم ...) [الدلائل العقيلة والنقلية في تفضيل الصدقة عن الميت على الضحية ، وهل الضحية عن الميت شرعية أو غير شرعية ؟ ص : (٥١-٥٢)].

وقال أيضاً : (قال صاحب تُحفة ألأحوذي على الترمذي قلت : لَمْ أَجِدْ فِي التَّضْحِيَةِ عَنْ الْمَيِّتِ مُنْفَرِدَاً حَدِيثَاً مَرْفُوعَاً صَحِيحاً ...) .

وقال أيضاً : (والعادة تقتضي نقل ذلك لو وقع إذ هي من الأمور الظاهرة التعبدية التي تتوفر الهمم والدواعي على نقلها وتبليغها ، لكونهم أحرص الناس على فعل الخير ، وإيصال ثوابه إلى الغير من موتاهم ، فمتى كان الأمر بهذه الصفة ، علمنا حينئذ أنها ليست بمشروعة ، ولا مرغب فيها ؟ والتعبدات الشرعية مبنية على التوقيف والاتباع ، لا على الاستحسان والابتداع كما قال بعض السلف : كل عبادة لم يتعبدها رسول الله ولا أصحابه ، فلا تتعبدوها فإن الأول لم يترك للآخر مقالاً .

فإن قيل : بِمَ عرفتم أن الصحابة والتابعين لم يضحوا عن موتاهم ؟

قيل : علمنا ذلك بعدم نقله عنهم ، وهذه أسفار السنة على كثرتها لا تثبت عن أحد منهم فعلها ، لا في سبيل تبرعاتهم لموتاهم ولا في أوقافهم ولا الوصايا الصادرة منهم ، ومن المعلوم أن الأمور الوجودية يتناقلها الناس من بعضهم إلى بعض ، حتى تشتهر وتنتشر كما نقلوا سائر السنن والمستحبات ، أما الأمور العدمية التي لا وجود لفعلها ، فإن الناس لا ينقلونها إلا عندما يحتاجون إلى ردها ، وبيان الهدى من الضلال فيها...

*** قوربانی لە خێر و صەدەقە چاکترە (الأضحية أفضل من الصدقة):**

قال ابن قدامة في "المغني": (أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) ضَحَّى وَالْخُلَفَاءَ بَعْدَهُ ، وَلَوْ عَلِمُوا أَنَّ الصَّدَقَةَ أَفْضَلُ لَعَدَلُوا إلَيْهَا ... وَلِأَنَّ إيثَارَ الصَّدَقَةِ عَلَى الْأُضْحِيَّةِ يُفْضِي إلَى تَرْكِ سُنَّةٍ سَنَّهَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ)[١٣٥].

واتە : پێغەمبەر (ﷺ) و هەر چوار جێنشینە باشەکانی لە دوای خۆی قوربانییان کردووە ، جا ئەگەر بیانزانییایە خێر و صەدەقە باشترە لە قوربانی ئەوا دەیان کرد ، و لەبەر ئەوەی پێشخستنی صەدەقە لەسەر قوربانی دەبێتە هۆی واز هێنان لە سوننەتێك (واتە: دروشم و ڕێبازێك) کە پێغەمبەر (ﷺ) داینـاوە.

وقال النووي : (مذهبنا أَنَّ الأضحية أفضل من صدقة التطوع ... لأنَّ التضحية شعارٌ ظاهرٌ)[١٣٦].

واتە : لە مەزهەبی (شافعی)دا قوربانی چاك ترە لە خێر و صەدەقە ... چونکە قوربانی دروشمێکی دیار و ئاشکرای ئایینی ئیسلامە .

بۆیە دەبێت قوربانی ئەنجام بدرێت نەك خێر و صەدەقە.

بیرخستنەوەیەك : بە داخەوە چەند سەدەیەکە بە هۆی بێئاگایی لە سوننەتی موبارەکی پێغەمبەر (ﷺ) چەندین بیدعەی چەپەڵی وەك (مەولودی) و (بەرە جەژنان و عەرەفە) و (سەر چلە و سەر سـاڵ) ، و هەروەها (نەزری شیرکی بۆ ئیمامەکان) کە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لەسەر نەهاتووە بووەتە هۆی مراندنی دروشمی قۆچ و قوربانی کردن ، کەواتە پێویستە هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەم دروشمە زۆر بکرێت تـاوەکو سوننەتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) زیندوو بکرێنەوە و زاڵ ببێت بە سەر بیدعە چەپەڵەکاندا (إنْ شاء الله) .

والمقصود أن الأضحية عن الميت ، لم يثبت في كتاب الله ولا في سنة رسول الله (ﷺ) مشروعيتها ، ولم ينقل عن رسول الله (ﷺ) بطريق صحيح ، الأمر بها لا بطريق التصريح ولا الإيماء ، ولهذا لم يفعلها أحد من الصحابة ، فعَدَمُ فعلها يعد من الأمر المجمع عليه زمن الصحابة ، واستصحاب حكم الإجماع في محل النزاع حجة .

وكل خير في اتباع من سلف وكل شر في ابتداع من خلف)﴾

[الدلائل العقلية والنقلية في تفضيل الصدقة عن الميت على الضحية ص : (٥١-٥٩)].

[١٣٥] المغني لابن قدامة الحنبلي: (١١ / ٩٥).

[١٣٦] المجموع : (٨ / ٣١٦).

*** قەساب کرێی سەر بڕینەکەی لە قوربانییەکە پێنادرێت (لا يُعطى الجزار أو القصاب أُجرتهُ من الأضحية) :**

دروست نییە قەصاب یان ئەو کەسەی قوربانییەکە سەردەبڕێت کرێی سەربڕینەکەی لە قوربانییەکە پێ بدرێت.

عَنْ عَلِيٍّ (رضي الله عنه) قَالَ : «أَمَرَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ أَقُومَ عَلَى بُدْنِهِ ، وَأَنْ أَتَصَدَّقَ بِلُحُومِهَا وَجُلُودِهَا وَجِلاَلِهَا ، وَأَمَرَنِي أَنْ لاَ أُعْطِيَ الْجَزَّارَ مِنْهَا شَيْئاً ، وَقَالَ : نَحْنُ نُعْطِيهِ مِنْ عِنْدِنَا» [١٣٧].

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردم کە هەستم سەرپەرشتی وشترەکانی بکەم ، وە گۆشت و پێست و جلەکەی کە لەسەری دانرابوو بکەم بە خێر و صەدەقە و بیبەخشم ، وە فەرمانی پێ کردم کرێی قەصابەکە لە قوربانییەکە نەدەم ، وە فەرمووی : ئێمە خۆمان دەیدەینێ.

قال النووي : (ولا يجوز جعل الجلد وغيره أُجرةً للجزار ، بل يتصدق به المضحي ، أو يتخذ منه ما ينتفع بعينه ...) [١٣٨].

واتە: دروست نییە پێستەکە یان غەیری پێستەکە (وەک سەر و پێ و خورکەی) بدرێت بە قەصابەکە لە جیاتی کرێ ، بەڵکو خاوەن قوربانی دەیکات بە خێر و صەدەقە ، یان دەیکات بە شتێک کە خۆی سودی لێببینێت .

وفي " المجموع " : (إذا أعطى المضحي شيئاً من لحم الأضحية أو جلدها [الجزار أو القصاب] **فإنْ أعطاهُ لِتجزارتهِ لَمْ يَجُزْ ، وإنْ أعطاهُ أُجرتهُ ثُمَّ أعطاهُ اللحمَ لكونهِ فقيراً جاز ، كما يدفع إلى غيرهِ من الفقراء** ، والله أعلم) [١٣٩].

واتە : ئەگەر خاوەن قوربانی شتێک لە گۆشتی قوربانییەکە یان پێستەکەی بدات بە قەصابەکە لەبەر ئەوەی حەیوانەکەی بۆ سەربڕیوە ئەوا دروست نییە ، وە ئەگەر کرێکەی پێدا و ئەنجا بەشێک گۆشتی پێدا لەبەر ئەوەی فەقیر و دەست کورتە ئەوا دروستە وەک چۆن گۆشت دەدات بە جگە لە ئەویش لە فەقیر و هەژارەکان ، وە خواش زاناترە .

---

[١٣٧] صحيح مسلم رقم : (٣٢٤١) ومسند الإمام أحمد رقم : (١٣٣٨) وصحيح أبي داود رقم : (١٥٥٢) .

[١٣٨] المجموع : (٦ /٣١١).

[١٣٩] المجموع : (٨ /٣١٣).

*** دروست نییە هیچ بەشێك لە قوربانییەكە بفرۆشرێت (لا يجوز بيع شيءٍ من الأضحية) :**

وە دروست نییە هیچ بەشێك لە لاشەی قوربانییەكە بفرۆشرێت تەنانەت پێست و جلەكەشی.

عَنْ قَتَادَةَ بْنِ النُّعْمَانِ (رضي الله عنه) أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) : ((... وَلاَ تَبِيعُوا لُحُومَ الْهَدْيِ وَالأَضَاحِيِّ ، فَكُلُوا وَتَصَدَّقُوا وَاسْتَمْتِعُوا بِجُلُودِهَا ...))[١٤٠].

واتە: گۆشتی (هەدی) و قوربانی مەفرۆشن ، وە لێی بخۆن و لێی بكەن بە صەدەقە و سود لە پێستەكەی ببینن ...

قال الشوكاني : (قَوْلُهُ : "وَلَا تَبِيعُوا لُحُومَ الْأَضَاحِيِّ" فِيهِ دَلِيلٌ عَلَى مَنْعِ بَيْعِ لُحُومِ الْأَضَاحِيِّ وَظَاهِرُهُ التَّحْرِيمُ) .

واتە : ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر حەرامێتی فرۆشتنی گۆشتی قوربانی .

وقال أيضاً : (وَقَدْ اُسْتُدِلَّ بِهِ عَلَى مَنْعِ بَيْعِ الْجِلْدِ وَالْجِلَالِ ، قَالَ الْقُرْطُبِيُّ : فِيهِ دَلِيلٌ عَلَى أَنَّ جُلُودَ الْهَدْيِ وَجِلَالِهَا لَا تُبَاعُ لِعَطْفِهِمَا عَلَى اللَّحْمِ وَإِعْطَائِهِمَا حُكْمَهُ ، وَقَدْ اتَّفَقُوا عَلَى أَنَّ لَحْمَهَا لَا يُبَاعُ فَكَذَا الْجُلُودُ وَالْجِلَالُ).

واتە : ئەم فەرموودەیە كراوەتە بەڵگە لەسەر قەدەغەكردنی فرۆشتنی پێسە و جلی (هەدی) و قوربانی ، (الْقُرْطُبِي) **فەرموویەتی : ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەی تێدایە كەوا نابێت پێسە و جلەكانی سەر پشتیشی بفرۆشرێت چونكە لەگەڵ گۆشتەكەیدا باسكراوە و پێسە و جلەكانیشی هەمان حوكمی گۆشتەكەییان هەیە ، وە زانایان یەكدەنگن لەسەر ئەوەی كە نابێت گۆشتەكەی بفرۆشررێت ، بە هەمان شێوە پێسە و جلەكانیشی .**

وقال أيضاً : (وَفِيهِ أَيْضَاً الْإِذْنُ بِالِانْتِفَاعِ بِهَا بِغَيْرِ الْبَيْعِ)[١٤١].

وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((مَنْ بَاعَ جِلْدَ أُضْحِيَّتِهِ فَلاَ أُضْحِيَّةَ لَهُ))[١٤٢].

واتە : هەركەسێك پێستی قوربانیەكەیی بفرۆشێت ئەوا بە قوربانی بۆی حیساب ناكرێت .

قال المناوي : (قوله : **"مَنْ بَاعَ جِلْدَ أُضْحِيَّتِهِ فَلاَ أُضْحِيَّةَ لَهُ"** : أي لا يحصل له الثواب الموعود للمضحي على أضحيته ، فبيع جلدها حرام وكذا إعطاؤه للجزار ، وللمضحي الانتفاع به)[١٤٣].

---

[١٤٠] رواه أحمد : (٤ / ١٥).

[١٤١] نيل الأوطار : (٥ / ١٣٠).

[١٤٢] مستدرك الحاكم رقم : (٣٤٦٨) وسنن البيهقي رقم : (١٩٧٠٨) ، وحسنه الألباني في صحيح الجامع الصغير رقم : (٦١١٨) .

واتە : ئەو پاداشتەی دەستناکەوێت کە بەڵێنی پێدراوە بەو کەسەی کە قوربانی دەکات لەسەر قوربانیەکەی ، بۆیە فرۆشتنی پێستەکەی حەرامە و هەروەها دانیشی بە قەسابەکە حەرامە ، وە قوربانییکار بۆی هەیە سوودی لێ ببینێت .

وقال النووي : (لا يجوز بيع جلد الأضحية ولا غيرِهِ من أجزائها)[١٤٤].

وقال أيضاً : (يَجوز أن ينتفع بِجلد الأضحية بجميع وجوه الانتفاع بعينهِ ، فيتخذ منه خُفَّاً أو نعلاً أو دلواً أو فَرواً أو سقاءً أو غربالاً أو نحو ذلك)[١٤٥].

واتە : دروست نییە پێستی قوربانی و هیچ بەشێك لە بەشەکانی بفرۆشرێت ، وە دروستە سود لە پێستەکەی ببینرێت بە هەموو شێوازەکانی سود بینین (جگە لە فرۆشتن) وەك ئەوەی بیکات بە خوف یان پێلاو یان دۆلکە (جەوەنە) یان فەروە یان کوونە یان هێلەك و هاوشێوازی ئەمانە.

* ئەی هەژارەکان چی بکەن (ماذا يفعل الفقراء) ؟

لە سەرەتاوە باسمانکرد کە ئەنجامدانی قوربانی (واجب)ـە لەسەر هەموو موسڵمانێك توانای کڕینی مەڕێك یان بزنێکی هەبێت ئەگەر چی دەوڵەمەندیش نەبێت[١٤٦] بە بەڵگەی فەرمودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) : ((مَنْ كَانَ لَهُ سَعَةٌ وَلَمْ يُضَحِّ فَلاَ يَقْرَبَنَّ مُصَلاَّنَا)) ، وە ئەگەر توانای هەبوو (واجب)ـە لەسەری **هەموو ساڵێك**

---

[١٤٣] فيض القدير : (٦ / ١٢١) .

[١٤٤] المجموع : (٨ /٣١٢) .

[١٤٥] المجموع : (٨ /٣١٢) .

[١٤٦] **سوودێك** : مەبەست لەم بڕگەیەمان (ئەگەر چی دەوڵەمەندیش نەبێت) ئەوەیە کە ئەو کەسە دەبێت خۆراکی شەو و ڕۆژێکی بۆ خۆی و خێزانەکەی و جل و بەرگی ئەو وەرزەی هەبێت وەك زانایانی شافعی مەزهەب وتویانە :

قال الشافعية : (يُشرع الأضحية في حق من ملك ثَمنها فاضلاً عَنْ حَاجَتِهِ وَحَاجَةِ مَنْ يَمُونُهُ فِي يَوْمِهِ وَلَيْلَتِهِ وَكِسْوَةِ فَصْلِهِ ، أَيْ يَنْبَغِي أَنْ تَكُونَ فَاضِلَةً عَنْ يَوْمِ الْعِيدِ وَأَيَّامِ التَّشْرِيقِ) انظر : [مُغني المحتاج : (٦ / ١٢٣) و "الإقناع" : (٢ / ٢٧٨)].

واتە : شافعی مەزهەبەکان دەڵێن : قوربانی کردن لە گەردنی کەسێکدا شەرعیەتی پێدراوە کەوا نرخەکەیی هەبێت زیاد لە پێویستی خۆیی و پێویسی ئەوانەش کە بژێویان بۆ دابین دەکات بۆ ماوەی ڕۆژ و شەوێك وە زیادیش بێت لە پێویستی جل و بەرگی وەرزێك ، واتە دەبێت پارەکەی زیاتر بێت لە پێداویستییەکانی ڕۆژی جەژن و ڕۆژانی تەشریق .

وقال شيخ الإسلام ابن تيمية : (وَوُجُوبُهَا . أي الأضحية . ... مَشْرُوطٌ بِأَنْ يَقْدِرَ عَلَيْهَا فَاضِلاً عَنْ حَوَائِجِهِ الْأَصْلِيَّةِ) [مجموع الفتاوى : (٢٣ / ١٦٤)] .

واتە : پێویستێتی (واجبێتی) قوربانی کردن بەمەرجگیراوە بەوەی کەوا موسڵمان توانای هەبێت لە سەر ئەنجامدانی زیاد لە پێداویستیە بنەڕەتییەکانی .

قوربانی بکات بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە : ((إِنَّ عَلَى كُلِّ أَهْلِ بَيْتٍ **فِي كُلِّ عَامٍ** أُضْحِيَةً)) واتە : (واجب)ـە لەسەر هەموو خێزانێك (عائلة) **هەموو ساڵێك** قوربانی بکات.

بەڵام ئەگەر کەسێك توانای قوربانی کردنی نەبێت لەبەر دەست کورتی بە شێوەیەك کە توانای نەبێت مەڕێك یان بزنێك بکڕێت یان بە هاوبەشی لەگەڵ شەش کەسی تردا گایەك بکەن بە قوربانی ، ئەوا مژدەی پێشکەش دەکەین و پیرۆزبایی لێ دەکەین چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دەستی موبارەکی خۆی قوربانیی کردووە لە جیاتی ئەوانەی کە قوربانییان نەکردووە لەبەر هۆکاری نەداری و دەست کورتی.

عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنهما) قَالَ : ((شَهِدْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) الأَضْحَى بِالْمُصَلَّى ، فَلَمَّا قَضَى خُطْبَتَهُ نَزَلَ مِنْ مِنْبَرِهِ ، وَأُتِيَ بِكَبْشٍ فَذَبَحَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِيَدِهِ وَقَالَ : بِسْمِ اللَّهِ وَاللَّهُ أَكْبَرُ ، **هَذَا عَنِّي وَعَمَّنْ لَمْ يُضَحِّ مِنْ أُمَّتِي**))[١٤٧] .

واتە: ئامادەی نوێژی جەژنی قوربان بووم لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لە نوێژگەدا (المصلى) ، جا دوای ئەوەی وتارەکەیی تەواوکرد لە مینبەرەکەی دابەزی ، ئەنجا بەرانێکیان بۆ هێنا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دەستی خۆی سەربڕی و فەرمووی : (بِسْمِ اللَّهِ وَاللَّهُ أَكْبَرُ) ئەمە لە جیاتی خۆم و ئەوانەی قوربانییان نەکردووە لە ئوممەتەکەم .

* بیدعە و داهێنراوەکانی قوربانی (بدع الأضحية):

ئەی خوێنەری یەکخواپەرست و شوێنکەوتەی سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بە داخەوە دەڵێم :

ئەم پەرستشە پیرۆزە و ئەم دروشمە گەورەیەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ـ وەك هەموو جۆرەکانی تری پەرستشەکان و دروشمەکانی ئاینە پاك و بێ کەم و کوڕییەکەی ئیسلام ـ بێ بەش نەبووە لە کۆمەڵێك بیدعەی ڕەش و داهێنراوی نەفامەکان و ئەوانەی لایانداوە لە **ڕێگای ڕاست** ، بۆیە بە پێویستم زانی ـ لە کۆتایی ئەم بابەتەدا ـ ئاگادارت بکەمەوە لە بیدعە و داهێنراوەکانی قوربانی.

---

[١٤٧] صحيح أبي داود رقم : (٢٨١٠) ، وصحيح سنن الترمذي رقم : (١٥٢١).

فائدة : قال الألباني بعد تخريجه لعدة أحاديث في هذا الباب : (فائدة: ما جاء في هذه الأحاديث من تضحيته (ﷺ) عمن لَم يضح من أمته : هو من خصائصه (ﷺ) كما ذكره الحافظ في "الفتح": (٩/٥١٤) عن أهل العلم ، وعليه فلا يجوز لأحد أن يقتدي به (ﷺ) في التضحية عن الأمة ...) إرواء الغليل: (٤/٣٥٤) .

بەڵام پێش ئەوەی بچینە سەر باسی بیدعە و داهێنراوەکان ئەوەت یاد دەخەمەوە کە خوای پاك و بێگەرد هیچ پەرستش و هیچ کردەوەیەك لە موسڵمانان وەر ناگرێت و پاداشتی بە چاکە ناداتەوە ئەگەر ئەم دوو مەرجەی خوارەوەی تێدا نەبێت :

١ـ **الإخلاص:** واتە مەبەست و نییەتت لە کردەوەکەدا تەنها ڕەزامەندی خوا بێت.

چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ۝٥ ﴾ [البينة].

واتە : بە هیچ شتێك فەرمانیان پێنەکراوە تەنها بەوەنەبێت کە خوا بپەرستن و بە نییەتێکی پاك و پوختەوە دینداری بۆ خوا بکەن .

٢ـ **الاتباع:** واتە کردەوەکەت دەبێت بە پێی سوننەتی پێغەمبەر بێت (ﷺ) بێ زیاد و کەم.

چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ)) [١٤٨].

واتە : هەر کەسێك هەر کردەوەیەك بکات ، وە ئەو کردەوەیە ئەمری ئێمەی لەسەر نەبێت [واتە : بە پێی سوننەتی من نەبێت] ئەوا لێی قەبوڵ ناکرێت و ڕەت دەکرێتەوە .

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەرەتای هەموو وتارێکدا فەرموویەتی : ((... وَأَحْسَنَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (ﷺ) ، وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا ، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّارِ))[١٤٩].

واتە : باشترین و چاکترین ڕێگا و ڕێبازی پێغەمبەرە (ﷺ) ، وە خراپترین شت : داهێنراوەکانە ، وە هەموو داهێنراوێك بیدعەیە ، وە هەموو بیدعەیەك گومڕاییە ، وە هەموو گومڕاییەك لەگەڵ خاوەنەکەیدا لە دۆزەخدایە .

جا بۆ ئەوەی قوربانییەکەت لەسەر سوننەت بێت ئەوا دەبێت ئاگادار بیت و خۆت بە دوور بگریت لەم بیدعە و داهێنراوانە و هەر بیدعەیەکی چەپەڵی تر .

---

[١٤٨] صحيح مسلم رقم : (١٧١٨) .

[١٤٩] صحيح مسلم رقم : (٨٦٧) ، وصحيح سنن النسائي رقم : (١٥٧٨) واللفظ له ، وانظر : "خطبة الحاجة" للإمام الألباني ، و"علم أصول البدع" للحلبي ص: (٥٠ ٦) .

بیدعە و داهێنراوەکان :

١ ـ قوربانی کردن بە مەبەستی خۆ دەرخستن و شانازی کردن بە سەر خەڵکەوە ، (أبو أيوب الأنصاري) بە دڵێکی غەمبارەوە دەفەرموێت : ((...ثُمَّ تَبَاهَى النَّاسُ فَصَارَ كَمَا تَرَى)) !

٢ ـ هێنانی مەلایەك بۆ ئەوەی ئامادەی سەربڕینی قوربانیەکە بێت!

٣ ـ چاوڕەشتنی حەیوانی قوربانی پێش سەربڕینی!

٤ ـ پارچە پەڕۆیەکی سوور دەخەنە ملی حەیوانەکە!

٥ ـ موورووو و بەن بەستن بە شاخی حەیوانەکەوە !

٦ ـ شەکری کوڵۆ یان نوقڵ یان شیرینی دەخەنە ناو دەمی حەیوانەکە لە کاتی سەربڕینیدا!

٧ ـ دوعا و ویرد خوێندن بە گوێی حەیوانەکەدا!

٨ ـ نەوتنی (بِسْمِ اللَّهِ وَاللَّهُ أَكْبَر) لە کاتی سەربڕینی قوربانیەکەدا بە هۆی مەشغوڵ بوون بە هەندێك ویردی تری نا شرعیەوە !

٩ ـ وتنی نیەت بە زمان لە کاتی سەربڕینیدا ، چونکە جێگای نیەت تەنها دڵە.

١٠ ـ وتنی (لەڕێی خوا و مەولوودی پێغەمبەر ﷺ) لەکاتی سەربڕینی قوربانیەکەدا ، چونکە دەبێت تەنها بڵێیت : (بِسْمِ اللَّهِ وَاللَّهُ أَكْبَر) وەك لە سوننەتی پێغەمبەردا هاتووە (ﷺ).

١١ ـ نەخواردنی گۆشتی قوربانی لە لایەن خاوخێزان و خاوەنی قوربانیەکەوە ، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : " **كُلُوا** " واتە: لێی بخۆن.

١٢ ـ هەندێك لە خەڵك دەڵێت : ئەگەر حەیوانێك پێش جەژن دیاری بکرێت بۆ قۆچ و قوربانی ئەوا نابێت لێی بخۆیت و دەبێت هەمووی ببەخشیت ! ! !

ئەم شتە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) نەبووە و پێچەوانەشە بۆ فەرموودەی : " **كُلُوا** " واتە: لێی بخۆن ، وە ئەم بیدعەیەش بۆتە هۆی دوور کەوتنەوەی زۆرێك لەو جۆرە خەڵکانە لە ئەنجامدانی قوربانی کردن !

١٣ ـ فرۆشتنی پێستی قوربانیەکە یان بەخشینی بە قەصابەکە لە جیاتی کرێی سەربڕینەکە.

١٤ ـ دابەش کردنی گۆشتی قوربانییەکە بە سەر هەموو دراوسێکاندا ئەگەر چی دەست کورت و موحتاجیش نەبن لەبەر لۆمە و تانەی خەڵک ، چونکە صەدەقە تەنها بۆ فەقیر و هەژارانە ، وە لە فەرموودەکەی (أَبُو بُرْدَةَ) دا باسی موحتاجی دراوسێ کراوە ، ((وَذَكَرَ هَنَةً مِنْ جِيرَانِهِ)) (أي حاجة).

١٥ ـ شاردنەوەی خوێنی قوربانییەکە لە ژێر خاکدا ، بە مەبەستی ئەوەی کە ئەو خوێنە تێکەڵ نەبێت بە ئاوەڕۆ (مەجاری) چونکە وا دەزانن خوێنی قوربانی موبارەکە .

١٦ ـ یەکسانی لە دابەش کردنی گۆشتی قوربانییەکەدا بە سەر هەموو ماڵەکاندا وەک یەک ! ! ! ئەمەش بووەتە هۆی نەمانی دادپەروەری لە نێوان ئەو خێزانانەی کە ژمارەیان زۆرە بەرامبەر بەوانەی کە ژمارەیان کەمە !

کەواتە : دەبێت بەش و پشکی ئەو خێزانانەی کە ژمارەیان زۆر تر زیاتر بێت لەوانەی کە ژمارەیان کەمەترە : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ ﴿٩٠﴾﴾ [النحل] .

*** ڕێگر و بەربەستەکانی نەکردنی قوربانی :**

بە پێویستی دەزانم ئەوە یادی خوێنەران بخەمەوە کە هەندێك بۆچوونی هەڵە یان هەندێك بیدعە بووەتە هۆی دوور کەوتنەوەی زۆرێك لە موسڵمانان لە ئەنجامدانی قۆچ و قوربانی کە بریتین لە :

١ ـ زۆربەی خەڵک وا دەزانن یان وا تێگەینراون ! کە (مەڕێك یان بزنێك) تەنها بۆ یەك نەفەرە ! ! !

بەڵام لە ڕاستیدا لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) پیاو ئاژەڵێکی (مەڕێك یان بزنێك)ی دەکرد بە قوربانی بۆ خۆی و خێزانی و منداڵەکانی : ((كَانَ الرَّجُلُ فِي عَهْدِ النَّبِيِّ (ﷺ) **يُضَحِّي بِالشَّاةِ عَنْهُ وَعَنْ أَهْلِ بَيْتِهِ** ، فَيَأْكُلُونَ وَيُطْعِمُونَ)) .

٢ ـ زۆربەی خەڵک وا دەزانن یان وا تێگەینراون ! کە نابێت خاوەنی قوربانییەکە و منداڵەکانی لە گۆشتەکەی بخۆن ! بەڵام لە ڕاستیدا لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) ڕوونکراوەتەوە کە خاوەنی قوربانییەکە **سوننەتە خۆی لێی بخوات** و دروستیشە (سێیەکی حەیوانەکە) بخوات و (سێیەکی)کی تری هەڵبگرێت و ئەو (سێیەکە)کەی تری ببەخشێت وەک پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((**فَكُلُوا وَادَّخِرُوا وَتَصَدَّقُوا**)) ... ((**فَيَأْكُلُونَ وَيُطْعِمُونَ**)) .

لە ڕاستیدا ئەم دوو بۆچوونە هەڵەیە دوو ڕێگری زۆر کاریگەر و بە هێزن بۆ نەکردنی قۆچ و قوربانی لە ناو موسڵمانانداا !

- چونکە زۆربەی موسڵمانان دەڵێن : ئێمە ناتوانین بۆ سەری هەر نەفەرێک قوربانی ئەنجام بدەین لەبەر ئەوەی ئەرکێکی قورس و گرانە ! ئەمەش زۆر ڕاستە و پێچەوانەشە بۆ فەرموودەکەی سەرەوە و هەروەها بۆ ئەم ئایەتانەش :

﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ ﴿١٨٥﴾﴾ [البقرة] .

﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمْ ﴿٢٨﴾﴾ [النساء] .

﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ﴿٧٨﴾﴾ [الحج] .

- هەروەها زۆربەی موسڵمانان دەڵێن : ئێمە ئەگەر دروست بێت خۆمان لە گۆشتی قوربانییەکە بخۆین و دروستیش بێت (سێیەکی حەیوانەکە) بخۆین و (سێیەکێ)کی تریشی هەڵبگرین ئەوا هەموو سااڵێک قوربانی دەکەین ، چونکە وەک وتراوە ئەو کاتە دەبێتە : (جەژنێک و دوو قوربان) .

پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرموویەتی : ((بَشِّرُوا وَلاَ تُنَفِّرُوا ، وَيَسِّرُوا وَلاَ تُعَسِّرُوا))[١٥٠] .

واتە : مژدە بدەن و خەڵک ڕاومەنێن ، وە کار ئاسانی بکەن و شت لەسەریان قورس و گران و ناڕەحەت مەکەن .

٣ - زۆربەی خەڵک وا دەزانن یان وا تێگەینراون ! کە تەنها یەک جار قوربانی دەکرێت !!! بەڵام لە ڕاستیدا (واجبە) هەموو خێزانێک **هەموو ساڵێک** قۆچ و قوربانی بکەن وەک پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ عَلَى كُلِّ أَهْلِ بَيْتٍ **فِي كُلِّ عَامٍ** أُضْحِيَةً)) ، واتە: ئەی خەڵکینە پێویستە لەسەر هەموو خاوەن ماڵ و هەموو خێزانێک **هەموو ساڵێک** قوربانی بکات .

کەواتە : مژدە دەدەین بە هەموو موسڵمانان :

کەوا دروستە ئاژەڵێک (مەڕێک یان بزنێک) بکرێت بە قوربانی بۆ خێزانێک هەرچەندە ژمارەشیان زۆر بێت ، بۆ پیاوەکە خۆی و خێزانی و منداڵەکانی .

---

[١٥٠] صحيح مسلم رقم : (١٧٣٢) .

هەروەها دروستیشە (سێیەکی حەیوانەکە) بخۆن و (سێیەکی)کی تریشی هەڵبگرن .

بۆیە پێویستە لەسەر ئەوانەی کە توانایان هەیە **هەموو ساڵێك** قۆچ و قوربانی بکەن وەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ عَلَى كُلِّ أَهْلِ بَيْتٍ فِي **كُلِّ عَامٍ** أُضْحِيَةً)) ، واتە: ئەی خەڵکینە پێویستە لەسەر هەموو خاوەن ماڵ و هەموو خێزانێك **هەموو ساڵێك** قوربانی بکات .

٤ ـ بە داخەوە چەند سەدەیەکە بە هۆی بێئاگایی لە سوننەتی موبارەکی پێغەمبەر (ﷺ) چەندین بیدعەی وەك (مەولودی) و (بەرەجەژنان و عەرەفە) و (سەر چلە و سەر ساڵ) ، و هەروەها (نەزری شێرکی بۆ ئیمام و شەخصەکان) کە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لەسەر نەهاتووە بووەتە هۆی مراندنی دروشمی قۆچ و قوربانی کردن ، کەواتە پێویستە هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەم دروشمە زۆر بکرێت تاوەکو سوننەتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) زیندوو بکرێنەوە و زاڵ ببێت بە سەر بیدعە چەپەڵەکاندا (إِنْ شاءَ اللهُ) .

فَرَحِمَ اللهُ مَنْ أحيا سنةً وأمات بِدْعَةً

كُلُّ خَيرٍ في اتباع مَنْ سَلَف

وَكُلُّ شَرٍّ في ابتداع مَنْ خَلَف

فەرموودە (ضعیف) و لاوازەکانی بابەتی

(قۆچ) و (قوربانی کردن)

شاراوە نییە لە زانایان و فێرخوازانی زانستی شەرعی و بەڵکو لە لای هەندێکی تر لە موسڵمانانیش کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر فەرموودەی (**ضعیف**) و لاواز و (**موضوع**) و هەڵبەستراو تێکەڵ بووە بە زۆرێك لە کتێب و بابەتە شەرعییەکان بە تایبەت کتێب و بابەتە فقهییەکان .

وە لەم بابەتەشدا (قوربانی کردن) ژمارەیەی زۆر فەرموودەی (**ضعیف**) و لاواز بە دی دەکرێت و بە داخەوە زۆرێك لە وتارخوێنەکان ئەم فەرموودانەش دەکەن بە بەڵگە و بۆ موسڵمانانی باس دەکەن ، هۆی ئەمەش ئەوەیە :

١ ـ جیاوازی نەکردن لە نێوان فەرموودەی ڕاست و فەرموودەی لاواز (**عدم الفرق بين الحديث الصحيح والضعيف**) .

٢ ـ گوێنەدان بە گێڕانەوەی فەرموودە (**ضعیف**) و لاواز و (**موضوع**) و هەڵبەستراوەکان ، ئەمەش لەبەر گوێنەدانە بەو فەرموودانەی کە هەڕەشەی زۆر تووند و سەختیان تێدایە بۆ ئەو کەسانەی کە فەرموودەی (**ضعیف**) و لاواز و (**موضوع**) و هەڵبەستراو دەگێڕنەوە و بۆ موسڵمانانی باس دەکەن ! ! !

عَنِ الْمُغِيرَةِ (ﷺ) قَالَ : سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ : ((إِنَّ كَذِبَاً عَلَيَّ لَيْسَ كَكَذِبٍ عَلَى أَحَدٍ ، مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدَاً فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ))[١٥١] .

واتە : درۆ کردن لەسەر من وەکو درۆکردن نییە لەسەر هیچ کەسێك ، هەر کەسێك بە ئەنقەست درۆیەك لەسەر من بکات ئەوا با جێگای خۆی لە ناو ئاگری دۆزەخدا خۆش بکات .

٣ ـ بێ ئاگابوون لەو هەموو فەرموودە (صەحیح)ـانەی پێغەمبەر (ﷺ) کە پشت گوێ خراون و بۆ خەڵك باس نەکرێن ! ! ! کەچی بەداخەوە دەبینی و دەبیستی حیکایەت و ریوایەتی لاواز و هەڵبەستراو و سەرسوڕهێنەر باس دەکەن ! ! !

---

[١٥١] صحيح البخاري رقم : (١٢٩١) .

جا بۆیە بە پێوستم زانی لە چاپی دووەمی ئەم (کتێبەدا / **چۆنێتی قوربانی کردن**) هەندێك لەو فەرموودە (**ضعیف**) و لاوازانەی کە لەم بوارەدا هەیە بۆ موسڵمانان بە گشتی و بۆ وتارخوێنەکانیش بە تایبەتی ڕوون بکەمەوە بۆ ئەوەی وریا و ئاگادار بن لە گێڕانەوەیان ! ! !

الأحاديث الضعيفة والموضوعة الواردة في الأضحية احذروها

* الأحاديث الضعيفة في فضل الأضحية :

١ ـ عن زيد بن أرقم (رضي الله عنه) قال : قال أصحاب رسول الله (ﷺ) : يا رسول الله ما هذه الأضاحي ؟ قال : "سنة أبيكم إبراهيم ، قالوا : فما لنا فيها يا رسول الله ؟ قال : بكل شعرة حسنة ، قالوا : فالصوف يا رسول الله ؟ قال : بكل شعرة من الصوف حسنة"[١].

٢ ـ عن عائشة أن رسول الله (ﷺ) قال : "ما عمل آدمي من عمل يوم النحر أحب إلى الله من إهراق الدم ، إنها لتأتي يوم القيامة بقرونها وأشعارها وأظلافها ، وأنَّ الدم ليقع من الله بمكان قبل أن يقع من الأرض فطيبوا بها نفسا"[٢].

قال الترمذي : ويروى عن رسول الله (ﷺ) أنه قال في الأضحية لصاحبها : "بكل شعرة حسنة" ، ويروى : "بقرونها"[٣].

٣ ـ عن ابن عباس (رضي الله عنهما) قال : قال رسول الله (ﷺ) في يوم أضحى : "ما عمل آدمي في هذا اليوم أفضل من دم يهراق إلاَّ أن يكون رحما توصل"[٤].

---

[١] (موضوع) ، ضعيف سنن ابن ماجه رقم : (٣١٢٧) وضعيف الترغيب والترهيب رقم : (٦٧٢) وسلسلة الأحاديث الضعيفة رقم : (٥٢٧) .

[٢] ضعيف الترغيب والترهيب رقم : (٦٧١) .

[٣] ضعيف سنن الترمذي رقم : (١٤٩٣) والسلسلة الضعيفة : (٥٢٦) وضعيف الجامع الصغير رقم : (٥١١٢) .

[٤] الضعيفة رقم : (٥٢٥) وضعيف الترغيب والترهيب رقم : (٦٧٣) وضعيف الجامع رقم : (٥١١٣) .

٤ . عن علي (رضي الله عنه) أنَّ رسول الله (ﷺ) "يا فاطمة قومي إلى أضحيتك فاشهديها ، فإنه يغفر لك عند أول قطرة من دمها كل ذنب عملتيه ، وقولي : (إنَّ صلاتي ونسكي ومحياي ومماتي لله رب العالمين لا شريك له وبذلك أمرت وأنا من المسلمين) ، قال عمران بن حصين قلت : يا رسول الله هذا لك ولأهل بيتك خاصة أم للمسلمين عامة ؟ قال : لا بل للمسلمين عامة "[٥].

٥ . عن ابن عباس (رضي الله عنهما) قال : قال رسول الله (ﷺ) : "ما أنفقت الورق في شيء أحب إلى الله من نحر ينحر في يوم عيد" [٦].

٦ . عن حسن بن علي (رضي الله عنهما) قال : قال رسول الله (ﷺ) : "من ضحى طيبة بها نفسه محتسبا لأضحيته كانت له حجابا من النار"[٧].

٧ . عن أبي هريرة (رضي الله عنه) مرفوعاً : "عظموا ضحاياكم فإنها على الصراط مطاياكم" [٨].

وفي لفظ : " استفرهوا ضحاياكم فإنها مطاياكم على الصراط" [٩].

* الأحاديث الضعيفة في تفضيل الضأن أو الكبش :

٨ . عن عبادة بن الصامت (رضي الله عنه) عن رسول الله (ﷺ) قال : "... خير الأضحية الكبش الأقرن"[١٠].

٩ . عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال : سمعت رسول الله (ﷺ) يقول : "نعم أو نعمت الأضحية الجذع من الضأن"[١١].

---

[٥] (موضوع) ، السلسلة الضعيفة رقم : (٥٢٨) وضعيف الترغيب والترهيب رقم : (٦٧٤) و (٦٧٥).

[٦] (ضعيف جداً) ، السلسلة الضعيفة رقم : (٥٢٤) وضعيف الجامع رقم : (٥٠٢٨) .

[٧] موضوع ، السلسلة الضعيفة رقم : (٥٢٩) وضعيف الجامع رقم : (٥٦٧٩) وضعيف الترغيب والترهيب رقم : (٦٧٧).

[٨] (لا أصل له بهذا اللفظ) ، السلسلة الضعيفة رقم : (٧٤) .

[٩] (ضعيف جداً) ، السلسلة الضعيفة رقم : (١٢٥٥) و (٢٦٨٧) وضعيف الجامع رقم : (٨٢٤).

[١٠] ضعيف أبي داود رقم : (٣١٥٦) وضعيف الجامع الصغير رقم : (٢٨٨١) ضعيف سنن الترمذي رقم : (١٥١٧) ومشكاة المصابيح رقم : (١٦٤١) وضعيف الترغيب والترهيب رقم : (٦٧٩).

[١١] ضعيف سنن الترمذي رقم : (١٤٩٩) ومشكاة المصابيح رقم : (١٤٦٨) وضعيف الجامع الصغير رقم : (٥٩٧١) وإرواء الغليل رقم : (١١٤٣) .

وله طريق آخر بلفظ : جاء جبريل إلى النبي (ﷺ) يوم الأضحى فقال : "كيف رأيت نسكنا هذا ؟ قال : لقد باهى به أهل السماء ، واعلم يا محمد أن الجذع من الضأن خير من الثنية من الإبل والبقر ، ولو علم الله ذبحاً أفضل منه لفدى به إبراهيم عليه السلام"[١٢].

١٠ . عن أبي هريرة (رضي الله عنه) مرفوعاً : "عجب ربكم من ذبحكم الضأن في يوم عيدكم هذا"[١٣].

١١ . عن أبي الأسود السلمي عن أبيه عن جده قال : "كنت سابع سبعة مع رسول الله (ﷺ) ، قال : فأمرنا أنْ نجمع لكل رجل منا درهماً ، فاشترينا أضحية بسبعة دراهم ، فقلنا : يا رسول الله لقد أغلينا بها ، فقال : رسول الله (ﷺ) "إنَّ أفضل الضحايا أغلاها وأسمنها" ، وأمر رسول الله (ﷺ) فأخذ رجلٌ برِجلٍ ، ورجلٌ برِجلٍ ، ورجلٌ بيدٍ ، ورجلٌ بيدٍ ، ورجلٌ بقرنٍ ، ورجلٌ بقرنٍ ، وذبحها السابعُ ، وكبرنا عليها جميعاً "[١٤].

وفي لفظ : "إنَّ أحب الضحايا إلى الله أغلاها وأسمنها"[١٥].

١٢ . عن عبد الله بن عمرو (رضي الله عنه) قال : قال رسول الله (ﷺ) : "أمرت بيوم الأضحى عيدا جعله الله لهذه الأمة ، قال له رجل يا رسول الله : أرأيتَ إنْ لم أجد إلاَّ منيحة أنثى أفأضحي بها ؟ قال : لا ولكن خذ من شعرك وأظفارك وتقص من شاربك وتحلق عانتك ، فذلك تمام أضحيتك عند الله عز وجل"[١٦].

* الأحاديث الضعيفة في حكم الأضحية :

١٣ . عن جبلة بن سحيم : "أنَّ رجلاً سأل ابن عمر عن الأضحية أواجبة هي ؟ فقال : ضحى رسول الله (ﷺ) والمسلمون ، فأعادها عليه ، فقال : أتعقل ضحى رسول الله (ﷺ) والمسلمون"[١٧].

١٤ . وعن ابن عباس (رضي الله عنه) قال : قال رسول الله (ﷺ) : "الأضحى عليَّ فريضة وعليكم سنة"[١٨].

وفي لفظ : "كتب علي النحر ولم يكتب عليكم ، وأمرت بصلاة الضحى ولم تؤمروا بها"[١٩].

---

[١٢] (متفق على ضعفه) ، سلسلة الأحاديث الضعيفة رقم : (٦٤) .

[١٣] (موضوع) ، السلسلة الضعيفة رقم : (٢٢٦١) وضعيف الجامع رقم : (٣٦٧١).

[١٤] السلسلة الضعيفة رقم : (١٦٧٨) وضعيف الجامع رقم : (١٣٩٨).

[١٥] ضعيف الجامع رقم : (١٣٦٢) .

[١٦] ضعيف أبي داود رقم : (٢٧٨٩) وضعيف النسائي رقم : (٤٣٦٥) ومشكاة المصابيح رقم : (١٤٧٩) .

[١٧] ضعيف سنن الترمذي رقم : (١٥٠٦) .

[١٨] ضعيف الجامع رقم : (٢٢٨٥) .

وفي لفظ آخر : "كُتِبَ عليَّ الأضحى ولم يكتب عليكم ، وأمرت بصلاة الضحى ولم تؤمروا بها"[٢٠].

* حديث ضعيف في الأضحية عن الميت :

١٥ . رأيت عليا (رضي الله عنه) يضحي بكبشين فقلت : ما هذا ؟ فقال : "إنَّ رسول الله (ﷺ) أوصاني أن أضحي عنه ، فأنا أضحي عنه"[٢١].

* ومن الأحاديث الضعيفة في الأضحية :

١٦ . "الضحايا إلى هلال المحرم لمن أراد أن يستأني ذلك"[٢٢].

١٧. عن ابن عباس (رضي الله عنه) مرفوعاً : "نهى أنْ يُضحَّى ليلاً"[٢٣].

١٨ . عن علي (رضي الله عنه) مرفوعاً : "نسخ الأضحى كل ذبح ..."[٢٤].

١٩ . عن جابر بن عبدالله (رضي الله عنه) قال: " ضحى رسول الله (ﷺ) بكبشين في يوم العيد ، فقال حين وجههما: ﴿إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ﴾ (إلى آخر الآية) ..."[٢٥].

* فائدة مهمة لطلبة العلم:

قال الشيخ ناصر السنة وقامع البدعة وخاتمة المحدثين الإمام المحدِّث العلاَّمَّة محمد ناصر الدين الألباني رحمه الله :

---

[١٩] مشكاة المصابيح رقم : (٥٧٧٥) .

[٢٠] ضعيف الجامع رقم : (٤١٦٤) ، وسلسلة الأحاديث الضعيفة : (٦ / ٤٩٢ . ٤٩٣) .

[٢١] ضعيف أبي داود رقم : (٢٧٩٠) وضعيف سنن الترمذي رقم : (١٤٩٥) .

[٢٢] السلسلة الضعيفة : (٤١٠٦) وضعيف الجامع رقم : (٣٥٩٥).

[٢٣] (موضوع) ، سلسلة الأحاديث الضعيفة رقم : (٤٧١١).

[٢٤] (ضعيف جداً) ، السلسلة الضعيفة رقم : (٩٠٤) .

قال الإمام الألباني رحمهُ الله : (من آثار هذا الحديث السيئة أن تركت سنن صحيحة مشهورة منها العقيقة فقد روى البخاري وغيره من حديث سلمان بن عامر الضبي مرفوعاً قال : "مع الغلام عقيقة فاهرقوا عنه دماً " .

[٢٥] ضعيف أبي داود رقم : (٢٧٩٥) وضعيف سنن ابن ماجه رقم : (٣١٢١) .

(**القاعدة الحادية عشرة** لا يجوز ذكر الحديث الضعيف إلاَّ مع بيان ضعفه ، لقد جرى كثير من المؤلفين ولا سيما في العصر الحاضر على اختلاف مذاهبهم واختصاصاتهم على رواية الأحاديث المنسوبة إلى النبي (ﷺ) دون أن يُنَبِّهُوا على الضعيفة منها جهلاً منهم بالسنة أو رغبةً أو كسلاً منهم عن الرجوع إلى كتب المتخصصين فيها ، وبعض هؤلاء – أعني المتخصصين – يتساهلون في ذلك في أحاديث فضائل الأعمال خاصة ، قال أبو شامة في [" الباعث على إنكار البدع والحوادث " (ص ٥٤)] : (وهذا عند المحققين من أهل الحديث وعند علماء الأصول والفقه خطأ ، بل ينبغي أنْ يُبَيَّن أمره إنْ عَلِمَ وإلاَّ دخل تحت الوعيد في قوله (ﷺ) : " مَنْ حَدَّثَ عَنِّي بِحَدِيثٍ يُرَى أَنَّهُ كَذِبٌ فَهُوَ أَحَدُ الْكَاذِبِينَ " رواه مسلم) .

هذا حكم من سكت عن الأحاديث الضعيفة في الفضائل فكيف إذا كانت في الأحكام ونحوها ؟ واعلم أن من يفعل ذلك فهو أحد رجلين :

١ – إما أن يعرف ضعف تلك الأحاديث ولا يُنَبِّه على ضعفها فهو غاشٌ للمسلمين وداخلٌ حتماً في الوعيد المذكور .

قال ابن حبان في كتابه " الضعفاء " (١ / ٧ – ٨) : (في هذا الخبر دليل على أنَّ المُحَدِّثَ إذا روى ما لم يصح عن النبي (ﷺ) مِمَّا تُقُوِّلَ عليه وهو يعلم ذلك يكون كأحد الكاذبين ، على أنَّ ظاهر الخبر ما هو أشد قال (ﷺ) : " من روى عني حديثاً وهو يرى أنه كذب . . " – ولم يقل : إنه تيقن أنه كذب – فكُلُّ شاكٍّ فيما يروي أنه صحيح أو غير صحيح داخل في ظاهر خطاب هذا الخبر " . ونقله ابن عبد الهادي في " الصارم المنكي " (ص ١٦٥ – ١٦٦) وأقره .

٢ – وإما أن لا يعرف ضعفها فهو آثم أيضاً لإقدامه على نسبتها إليه (ﷺ) دون علمٍ ، وقد قال (ﷺ) : " كَفَى بِالْمَرْءِ كَذِبًا أَنْ يُحَدِّثَ بِكُلِّ مَا سَمِعَ" [رواه مسلم (رقم : ٥) في مقدمة " صحيحه " وهو مخرج في " الصحيحة " (٢٠٥)] ، فله حظ من إثم الكاذب على رسول الله (ﷺ) لأنه قد أشار (ﷺ) أنَّ من حدث بكل ما سمعه – ومثله من كتبه – أنه واقع في الكذب عليه (ﷺ) محالة فكان بسبب ذلك أحد الكاذبين ، الأول : الذي افتراه ، والآخر : هذا الذي نشره ، قال ابن حبان أيضاً (١ / ٩) : " في هذا الخبر زجر للمرء أن يحدث بكل ما سمع حتى يعلم علم اليقين صحته " .

وقد صرَّحَ النووي بأنَّ من لا يعرف ضعف الحديث لا يحل له أن يهجم على الاحتجاج به من غير بحث عليه بالتفتيش عنه إنْ كان عارفاً أو بسؤال أهل العلم إن لم يكن عارفاً . راجع " قواعد التحديث " ، وراجع " التمهيد " في مقدمة الضعيفة : (ص ١٠ – ١٢)) ا . هـ[1].

نووسەر

مامۆستا : محمد عبد الرحمن لطيف

١٢ / ذي القعدة / ١٤٢٥ هـ

كوردستان / كەلار

﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِيٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ﴾

﴿ رَبِّ أَعِنِّي وَلاَ تُعِنْ عَلَيَّ ، وَانْصُرْنِي وَلاَ تَنْصُرْ عَلَيَّ ، وَامْكُرْ لِي وَلاَ تَمْكُرْ عَلَيَّ ، وَاهْدِنِي وَيَسِّرْ هُدَايَ إِلَيَّ ، وَانْصُرْنِي عَلَى مَنْ بَغَى عَلَيَّ .. اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي لَكَ شَاكِرًا ، لَكَ ذَاكِرًا ، لَكَ رَاهِبًا ، لَكَ مِطْوَاعًا ، إِلَيْكَ مُخْبِتًا أَوْ مُنِيبًا .. رَبِّ تَقَبَّلْ تَوْبَتِي ، وَاغْسِلْ حَوْبَتِي ، وَأَجِبْ دَعْوَتِي ، وَثَبِّتْ حُجَّتِي ، وَاهْدِ قَلْبِي ، وَسَدِّدْ لِسَانِي ، وَاسْلُلْ سَخِيمَةَ قَلْبِي ﴾

مالّپەڕی بەهەشت و وەلّامەکان

ba8.org
walamakan.com

[1] مقدمة " تمام المنة في التعليق على فقه السنة" .

گرنگترینی سەرچاوەکان

١ ـ قورئانی پیرۆز .

٢ ـ کتێبە فەرموودەییەکان ، وەك :

. صحيح البخاري .

. صحيح مسلم .

. صحيح أبي داود .

. صحيح سنن الترمذي .

. صحيح سنن النسائي .

. صحيح سنن ابن ماجه .

. صحيح الجامع الصغير .

. سلسلة الأحاديث الصحيحة .

٣ ـ کتێبە فقهییەکان ، وەك:

. فتح الباري شرح صحيح البخاري ، للحافظ ابن حجر العسقلاني .

. شرح صحيح مسلم ، للإمام النووي .

. تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي ، للعلامة المباركفوري .

. المجموع شرح المهذَّب ، للإمام النووي .

. المغني لابن قدامة المقدسي الحنبلي .

. نيل الأوطار ، للعلامة الشوكاني .

. السيل الجرار ، للعلامة الشوكاني .

. سبل السلام شرح بلوغ المرام ، للعلامة الصنعاني .

٤ ـ تەفسیرەکان :

. تفسير ابن كثير .

. تفسير فتح القدير للشوكاني .